# چەمکی نێگەتیڤیی مۆرفیمە بەندەکان لەڕوانگەی تیۆری بەکارهێنانەوە

**محمد قادر محمدامین**

پەیمانگەی کۆمپیوتەری ڕانیە، بەڕێوبەرایەتیی گشتیی پەیمانگەکان و مەشقکردن، وەزارەتی پەروەردە، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چەمکی نێگەتیڤی مۆرفیمە بەندەکان لەڕوانگەی تیۆری بەکارهێنان)وەیە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مۆرفیمە بەندانەی، کە هەڵگری چەمکی نێگەتیڤن؛ واتە لە بەکارهێناندا ئەو واتایەی، کە دەیگەیەنن جۆرێک لە نامۆیی و خراپی تێدایە، قسەکەر بە مەبەستی نیشاندانی سیفەتە خراپ و نەشیاوەکانی مرۆڤ بەکاریاندەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی بەکارهێنان سەرەڕای چەمکی نێگەتیڤی، لە هەندێک دەورووبەردا هەمان مۆرفێم چەمکی ئاسایی دەگەیەنێت. لەم توێژینەوەیەدا بەگوێرەی نمونەکانی بەردەست، بە پشتبەستن بە داتا و ئامارەکان، ڕێژەی سەدی هەردوک بەکارهێنان دەخرێنەڕو؛ چونکە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، ئایا ئەو مۆرفیمە بەندانە کامانەن، کە چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنن؟ کام لەو مۆرفیمانە بەبەرهەمتر و چالاکترە لەگەیاندنی ئەم چەمکە، کامیان سستریانە؟ ئایا پێشگرەکان بەبەرهەمترن، یان پاشگرەکان؟ ئەمەش بە پشتبەستن بە بنەمای بەکارهێنان لەسەر ئەو بنکانەی، کە دەچنەسەریان. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ئەو مۆرفیمانە و چالاکی و بەبەرهەمییان لەزۆر ڕووەوە. یەکێک لەو گرنگیانەش هەبونی واتای نێگەتیڤییانە، بە بەراورد بە بەکارهێنانی ئاسایی، ئەوەش دەرئەنجامی زانستیی گرنگیی لێدەکەوێتەوە.

**کلیلە وشە:** مۆرفیمی بەند، چەمکی نێگەتیڤی، چەمکی ئاسایی، تیۆری بەکارهێنان، چالاکی، ڕێژە

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper36

**Received:** 04-Feb-2022

**Accepted:** 25-Apr-2022

**Published:** 29-Dec-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

muhamad.qadr2016@gmail.com

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

1/0/ ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چەمکی نێگەتیڤیی مۆرفیمە بەندەکان لەڕوانگەی تیۆری بەکارهێنانەوە)یە. هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو واتا و چەمکە نێگەتیڤییانەی، کە هەندێک مۆرفیمی وشەداڕێژ، لە بەکارهێناندا دەیگەیەنن.

2/0/ کەرەستەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لەچوارچێوەی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدایە، لە سنوری یەکەی مۆرفۆلۆژیدا. بۆ کەرەستەی نمونەکانیش سود لە فەرهەنگەکانی (ڤەژین)، و زمانی قسەپێکەرانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراوە. واتە نمونەو داتای توێژینەوەکە هەر ئەو وشە و بەکارهێنانەن، کە ڕۆژانە لەنێوان قسەکەرانی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێن.

3/0/ ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە ڕێبازی وەسفی شیکاری، لەگەڵ ئەوەشدا سود لە ڕێبازی ئاماری و بەراوردی وەرگیراوە.

4/0/ پرسیاری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: مەبەست لە چەمکی نێگەتیڤیی چییە؟ ئەو مۆرفیمە بەندانە کامانەن، کە هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین؟ ئایا لە هەمو بەکارهێنانەکاندا، هەمان چەمک دەگەیەنن؟ ڕێژەی بەکارهێنانی نێگەتیڤی بە بەراورد بە بەکارهینانی ئاسایی چەندە؟ لەنێوان پێشگرەکان و پاشگرەکاندا، کامیان چالاکترو بەبەرهەمترن لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤی؟ ئایا کام مۆرفیم لە هەموان چالاکترە، لە گەیاندنی ئەم چەمکەدا؟

5/0/ گرنگی توێژینەوەکە: سەرەڕای ئەوەی مۆرفیمە بەندەکان لە زۆر ڕوەوە لێیانکۆڵراوەتەوە و پۆلێنکراون، بەڵام ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە تیۆری بەکارهێنان، تێڕوانینێکی تازەی خستۆتەڕو، لە پۆلێنکردنی ئەو مۆرفیمانە، ئەویش پۆلێنی چەمکە، لەوانەش چەمکی نێگەتیڤی و ئاسایی. مەبەست لە نێگەتیڤیی فەرهەنگییە؛ واتە ئەو واتا خراپ و نەرێیانەی، کە هەندێک مۆرفیم دەیگەیەنن، قسەپێکەران بۆ نیشاندانی سیما و سیفەتە خراپەکانی مرۆڤ بەکاریاندەهێنن.

./6/ گرفتی توێژینەوەکە: یەکێک لەو گرفتانەی ئەم توێژینەوەیە بەدوایدا دەچێت، بونی هەندێک مۆرفیمە، کە لە هەندێک بەکارهێنادا چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنن.

7/0/ ناوەڕۆکی تویژینەوەکە: جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم: بەناونیشانی (مۆرفیم و چەمک و واتا)یە، چەند باسێک لەخۆدەگرێت، لەوانە (مۆرفیم و پۆلێنکردنی مۆرفیم لەڕوانگەی چەمک و واتاوە، هەروەها پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەڕوانگەی چەمک و واتاوە). بەشی دوەم: بەناونیشانی (تیۆری بەکارهێنان و لێکدانەوەی واتا)یە، چەند باسێک لەخۆدەگرێت، لەوانەش (تیۆری بەکارهێنان، لێکدانەوەی تیۆرەکە بۆ یەکە زمانییەکان و مۆرفیمە وشەداڕێژەکان، ڕوانگەی تیۆرەکە بۆ مۆرفیمە چەمک نێگەتیڤەکان لەسەر بنەمای دەرکەوتن و خستنەڕوی ئامارو داتاکان و ڕێژەی چالاکی و بەبەرهەمییان).

## بەشی یەكەم: مۆرفیم و چەمک و واتا

### 1-1- مۆرفیم

هەرچەندە تاوەکو ئێستا پێناسە و لێکدانەوەی زۆر بۆ چەمکی مۆرفیم کراون و لەگەڵیک ڕووەوە سەرنجی زمانەوانانی لەسەرە، بەڵام مۆرفیم وەک دانەیەکی ئەبستراکتی زمان، کە لە هەمو زمانەکاندا هەست بەبونی دەکرێت، چەندین پێناسەی بۆکراوە، یەکێک لەو پێناسانە ئەوەیە، کە دەڵێت: (مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتادار، یان ئەرکداری ڕێزمانییە.) (Yule: 2010: 67) لەلایەکی دیکەوە، هەندێکی تر دەڵێن (مۆرفیم بچوکترین کەرتی ئەرکدار، یان ڕێزمانییە لە زماندا.) ((Aronoff & Fudman: 2011:2)) ڕوانگەی ئەم پێناسەیە زیاتر بەلای ئەرکی ڕێزمانیدا دەشکێتەوە و گرنگیی زیاتر بە فۆرمی ئەرکی مۆرفیمەکان دەدات لە زماندا؛ واتە لە پێناسەکردنی مۆرفیمەکاندا ئەرک دەکاتە پێوەر. هەروەها دەگوترێت ((بچوکترین دانەی واتاداری زمانە.)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 34) لەمەوە هەریەکە لە /دار، بەرد، کورد، ...هتد/ دەچنە چوارچێوەی گشتی ئەم پێناسەیەوە، دەبن بە یەکەی واتاداری زمان.

لە پێناسەکەی، کە (یول) ئاماژەی پێکردوە، تێڕوانین بۆسنوری مۆرفیمەکانی زمانێکی دیاریکراو فراوانتر دەکات؛ واتە تەنها مۆرفیمە فەرهەنگییەکان، یان واتادارە سەربەخۆکان ناچنە بازنەی مۆرفیمەکانەوە، بەڵکو ئەوانەی خاوەنی ئەرکیشن دەچنە چوارچێوەی گشتیی مۆرفیمەکانی زمانێکی دیاریکراو؛ ئەوەش بیری مۆرفیم فراوانتر دەکات، لە واتای فەرهەنگییەوە دەچێتە خانەیەکی فراوانترو گشتی ترەوە، کە چەمکی ئەرکیی مۆرفیمەکانە لەنێو یەکەی گەورەتردا بەگوێرەی دەرکەوتنیان ڕۆڵیان پێدەدرێت، نمونەش بۆ هەریەکە لە مۆرفیمە سەربەخۆ ئەرکییەکان و مۆرفیمە بەندەکان، کە دەچنە بازنەی گشتی و سنوری یەکەی مۆرفیمەکانەوە، هەریەکە لە مۆرفیمەکانی وەک، (لە، بە، کە، ئینجا، هەڵ، گە، نا، ان، ەکە، ...هتد). کەواتە بەشێوەیەکی گشتی چەمکی مۆرفیم فراوانەو، کۆمەڵێک یەکە لەخۆیدەگرێت، کە دەگونجێت لە چوارچێوەی چەمکدا کۆیان بکەینەوە.

### 1-2- پۆلێنکردنی مۆرفیم

هەرچەندە پۆلێنی زۆر بۆ مۆرفیم کراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەڕوانگەیەکەوە پۆلێنی مۆرفیمەکان دەکات، کە بتوانێت ئامانجی توێژینەوەکە بهێنێتەدی؛ ئەویش ڕوانگەی چەمکە بۆ مۆرفیمەکان بەگشتی و مۆرفیمە بەندەکان بەتایبەتی.[1]

### 1-2-1- پۆلێنکردنی مۆرفیم لەڕوانگەی چەمک و واتاوە

بەپێی ئەو پێناسانەی، کە بۆ مۆرفیم کراون، زۆربەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە مۆرفیم خاوەنی واتا، یان ئەرک بێت؛ لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە هەردوک (واتا، ئەرک) لەژێر چەتری چەمک کۆدەکەینەوە، بەو پێیەی، کە (واتا بەشێکە لە چەمک.) (فاروق عومەر سدیق: 2011: 31) هەروەها ((لە زانستی زمانیی نوێدا، ئەرک یەکسانە بە واتا.)) (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا: 2013: 21) بۆیە دەگونجێت لەم

گۆشەنیگایەوە پۆلێنێک بۆ مۆرفیمەکان بکرێت، کە تەواوی مۆرفیمەکان لەخۆبگرێت، چونکە سەرجەمی مۆرفیمەکانی زمان خاوەنی چەمکن، ((هەندێکیان چەمکی ڕێزمانی، دەگەیەنن و هەندێکی تریشیان چەمکی فەرهەنگیان هەیە.)) (شێروان حوسێن خۆشناو: 2016: 23)، کە دەشێت، بەپێی چەمکەکانیان پۆلێنیان بۆ بکرێت و هەر گرووپێک بەگوێرەی پێوەری هەبونی جۆرێک لە چەمک نیشان بدرێت؛ بەو پێیەی هەمو مۆرفیمێک لە زماندا خاوەنی چەمکێکی سەربەخۆیە، چونکە ((واتای وشە هەژارترە، لە چەمک.)) (فاروق عومەر سدیق: 2011: 31_32) بۆیە سەرجەمی مۆرفیمەکان لە زماندا هەڵگری چەمکێکی تایبەتین، ڕۆڵێکیان پێسپێردراوە لە گەیاندنی واتادا.

## 1-2-1-1- مۆرفێمە فەرهەنگییەکان (Lexecal morphemes)

هەمو ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە چەمکێکی فەرهەنگییان هەیە. بە واتایەکی تر هەڵگری چەمک و واتای دیاریکراون. واتە ئەمانە، لە فەرهەنگی زماندا جێگای تایبەتی خۆیان هەیەو بەشدارن لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان؛ لەشێوەی سەربەخۆ و بەنددا، دەردەکەون. مەبەست لەسەربەخۆ (هەمو ئەو وشەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە دەچنە بازنەی مۆرفێمە سەربەخۆ فەرهەنگییەکان (Free morphemes) (Booij: 2005: 9) وەک، مۆرفیمەکانی (دار، بەرد، گوڵ... هتد) ئەمانە (چەمکێکی سەربەخۆی فەرهەنگیان هەڵگرتوە، لەشێوەی فۆڕمی سەربەخۆ (Free form)دا، دەردەکەون.) (Crystal: 2008: 313) و خاوەنی دەروازەی فەرهەنگی سەربەخۆن، ڕۆڵە سیمانتیکی و سینتاکسییەکان جیاجیاکەن؛ لەگەڵ ئەوەشدا (پۆلێکی کراوەن ( Open class) بە بەراورد بە مۆرفیمە ئەرکییەکان، چونکە بە بەردەوامی وشەو چەمکی نوێیان تێدەڕژێت.) (Fromkin & Rodman & Hyam: 2003: 73)

لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی ((واتا بەند نییە بە وشەوە، بەڵکو لە دانەکانی خواروی وشەو سەروی وشەشدا دەبینرێت.)) (محمد معروف فتاح: 2011: 159) بۆیە دەکرێت بڵێین هەندێک لەو مۆرفیمە بەندانەی خاوەنی چەمک و واتای فەرهەنگین، سەرەڕای ئەوەی لەشێوەی (فۆڕمی بەند (Bound form)دا، دەردەکەون.) (Crystal: 2008: 3113) کاتێک دەچنەسەر بنکە_ وشە، وشەو واتای نوێ بەرهەمدەهێنن و توانای گۆڕینی واتایان هەیە، واتاو چەمکی تازە بە بنکە_ وشەکان دەبەخشن؛ هەر لەبەرئەوەشە زۆرجار بە مۆرفیمی وشەدارێژ ناسراون، چونکە ((لەڕێگەی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن، یان گۆڕینی واتاوە.)) (ئەبوبەکر عومەر قادر: 2003: 21) وشەو چەمکی نوێ بەرهەمدەهێنن، هۆکارن بۆ دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگ. نمونەش بۆ ئەم پۆلەی مۆرفیم، وەک، (ستان، گە، باز، هەڵ، دا... هتد). لە وشەکانی، نمونەی (1- ئـ ب، پ، ت، ج)

1– ئـ. کوردستان ب. سەیرانگە پ. گیانباز ت. هەڵگرتن ج. داخستن

## 1-2-1-2- مۆرفێمە ئەرکییەکان (Functional morphemes)

بازنەی ئەم پۆلە ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە لە سنوری فرێزو ڕستەدا کاردەکەن، هەڵگری چەمکی ڕێزمانین، لەگەڵ ئەوەشدا پولێکی داخراون (Closed class) بە بەراورد بە مۆرفوێمە فەرهەنگییەکان. (Yule: 2010: 69). لەڕوی دەرکەوتنەوە لەشێوەی سەربەخۆو بەند، دەردەکەون. سەربەخۆکانیان، وەک،

ئامرازەکانی (لێکدەر، پەیوەندی، سەرسوڕمان،...هتد)، کە بە (وشە ئەرکییەکان (Function word) ناسراون، زانیاری ڕێزمانی نیشاندەدەن و پەیوەندییە لۆجیکییەکانی ڕستەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕێکدەخەن.) (Katamba: 1993: 41-42)

ئەوانەشی، کە لەشێوەی بەنددا، دەردەکەون، زۆرجار بە مۆڕفیمی (وشەگۆڕ) یان (گیرەکی ڕێزمانی) ناسراون، ((جۆرێکن لە گیرەک، ئەرکەکانیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان.)) (صباح رشید قادر: 2000: 88) واتە ڕۆڵیان جیبەجێکردنی ئەرکی سینتاکسییە، نەک ڕۆنانی وشە و واتای نوێ، بەڵام هەڵگری چەمکی تایبەتیی ڕێزمانین؛ لەگەڵ ئەوەشدا ((ئەمانە ئەرکیان هەیە بەپێی (زمانەوانیی نوێ)ش، هەرپارچەیەک ئەرکی هەبو، کەواتە واتاشی هەیە، واتە ئەرک= واتا.)) (بازیان یونس محیّدین: 2013: 22) نمونەی ئەم پۆلە مۆڕفیمەش، وەک، مۆڕفیمەکانی (ان، ەکە، تر، ترین...هتد) ڕۆڵیان ڕاپەڕاندنی ئەرکە سینتاکسییەکانی وەک، (کۆکردنەوە، ناساندن، پلەی بەراوردو باڵا)یە، هەریەکە لەوانەش، دەگونجێت پێیان بگوترێت (واتای ڕێزمانی، یان هەڵگری چەمک/ واتای ڕێزمانین.) (Lobner: 2002: 13) لەبەرئەوە وەک پێشتر باسکرا، لە زمانەوانیی نوێدا، ئەرک یەکسانە بە واتا، بۆیە دەکرێت لەژێر ناوی هەبونی چەمکدا کۆبکرێنەوەو ڕۆڵی واتاییان پێبدرێت.

## 1-3- پۆلێنکردنی مۆڕفیمی بەند لەڕوانگەی چەمک و واتاوە

مۆڕفیمە بەندەکان، لەگەڵ ئەوەی لەشێوەی بەند/ گیرەک دەردەکەون، بەڵام بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە سەلمێنراوە، کە ئەو مۆڕفیمانە ((خاوەنی واتان، هەڵگری واتان و هەڵگری نیشانەی واتایین، بۆیە بەجۆرێک لەجۆرەکان هەریەکەیان هەڵگری واتایە.)) (محەمەدی مەحوی: 2010: 11) لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە شیاوترین پۆلێن بۆ ئەو جۆرە مۆڕفیمانە، پۆلێنکردنیانە لەڕوانگەی چەمک/ واتاوە بۆئەوەی بتوانرێت، هەر پۆلێک لەژێر یەک چەمکی گشتیدا پۆلێنبکرێن و (بوارێکی واتایی دروستبکەن، بەبونی هاوبەشی سیمایەک، یان چەند سیمایەکی واتایی هاوبەش کۆواتایەک گردیان دەکاتەوەو چەمکێک دەگەیەنن.) (شیروان حوسێن خۆشناو: 2016: 20) لەبەرئەوە لێرەوە هەریەکە لەو مۆڕفیمانە، بەگوێرەی ئەو چەمکە هاوبەشەی هەیانە پۆلێندەکرێن و لەسەر ئەو بنەمایە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت.[2]

## 1-3-1- چەمکی شوێن

هەمو ئەو مۆڕفیمە بەندانە دەگرێتەوە، کە (چەمکی شوێن و جێگە دەگەیەنن.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1979: 116-119) کاتێک دەچنەسەر بنکەیەک، واتای شوێن نیشاندەدەن؛ لەگەڵ هەندێک جیاوازی لە بەکارهێنان و ئەو بنکانەی دەچنەسەریان، هەیە؛ چونکە ((مەرج نییە لەڕوی واتای تایبەتەوە هەمویان یەک واتا ببەخشن، بەڵکو لە (ناوەڕۆک-چەمک)دا، هەمویان لەوەدا هاوبەشن، کە دەربڕی شوێن وجێگەن.)) (مستەفا ڕەزا مستەفا: 2019: 126) واتە بەشێوەیەکی گشتی هەمویان هەڵگری سیمای واتایی [+شوێن]ن، لەگەڵ ئەوەشدا لەشێوەی پاشگر دەردەکەون. نمونەش بۆ ئەم پۆلەی مۆڕفیم بریتین لە مۆڕفیمەکانی: (ستان، گە، گا، خانە، دان، ەن، جاڕ، ەوار، ەڵان، اوا، دێن، شەن، مان، یان، ار، ان، خان، ەتی، زار، ایی). بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەیری ئەم نمونەیە بکە:

2- کوردستان

ئەگەر سەرنجی مۆرفیمی بەندی /-ستان/ بدەین، کاتێک چۆتەسەر وشەی (کورد) چەمکێکی نوێی دروستکردوە، کە هەڵگری سیما واتاییەکانی [+شوێن +ناو...]ە. ئەمەش بۆ سەرجەم ئەو مۆرفیمانە ڕاستە، کە لەکاتی بەکارهێناندا، سیمای هەرە سەرەکی [+شوێن] بەو بنکەیە دەبەخشن، کە دەچنەسەریان.

## 1-3-2- چەمکی پیشە

بەشێوەیەکی سەرەکی، هەمو (ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە چەمکی پیشە، دەگەیەنن.) (کەوسەر عزیز ئەحمەد: 1990: 90) لەبەکارهێناندا، لەکاتی دەرکەوتنیان لەسەر بنکە-وشە، لەشێوەی پاشگردان، هەڵگری چەمکی واتایی پیشە، یان شارەزایی لەکارێکی دیاریکراو نیشاندەدەن؛ کە بەگشتی هەڵگری سیمای واتایی [+پیشە]ن. نمونەش بۆ ئەم جۆرە مۆرفیمانە لە زمانی کوردیدا، بریتین لە مۆرفیمەکانی (چی، گەر، بەند، کار، کەر، ەوان، ساز، دار، دۆز). بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەیری نمونەی (3) بکە:

3- ئاسنگەر

ئەگەر سەرنج لە وشەکە بدەین، دەبینین کاتێک مۆرفیمی بەندی /-گەر/ی، چۆتەسەر چەمکێکی تازەی بەو بنکەیە بەخشیوە، کە هەڵگری سیما واتاییەکانی [+پیشە +ناو...]ە، ئەوەش بۆ تەواوی ئەو مۆرفیمانەی دەکەونە سنوری ئەو گروپەوە دروستە، هەرچەندە پلەی بەکارهێنان و بەبەرهەمی و توانای هەریەکەیان جیاوازە.[3]

## 1-3-3- چەمکی بچوککردنەوە

ئەو مۆرفیمە بەندانەی، کە دەچنە چوارچێوەی ئەم پۆلەوە بەگشتی سیمای واتایی [+بچوککردنەوە]یان، هەڵگرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار (واتای ناسکی و نازداریش دەگەیەنن.) (شەهاب شێخ تەیب: 2021: 65) سەرەڕای ئەوەش، هەندێکیان، بە مەبەستی سوکایەتی و گاڵتەپێکردن بەکاردەهێنرێن؛ بەڵام لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا، وەک پێشتر گوترا، چەمکە سەرەکی و دیارەکەی ئەم گروپە، بریتییە لە چەمکی بچوککردنەوە. دیارترین و بەبەرهەمترین جۆری ئەم گیرەکانەش، لە زمانی کوردیدا، لەشێوەی پاشگر دەردەکەون، بریتین لە، (یلکە، کەو، ۆکە، ۆک، لە، ڵە، ۆڵە، چە، ولە، چکە، ۆچکە، ولکە، ۆلکە، یژگە، کەلە، یلە، وچکە، ۆڵ، ە، ەکە، ۆ) بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەیری نمونەی (4) بکە:

4- باخچە

بە تێڕامان لە نمونەکە، دەبینین بەهۆی گیرەکی /-چە/ واتاو چەمکێکی جیاوازتری بە وشەکە بەخشیوە، کە هەڵگری سیمای واتایی [+بچوکی]یە، بە بەراورد بە واتای پێشوتری وشەکە. بێگومان ئەمە بەشێوەیەکی گشتی بۆ مۆرفۆیمەکانی دیکەی ئەم بوارەش دروستە، بەتایبەت لە پێدانی سیمای بچوکی، سەرەڕای جیاوازی لە هەندێک سیمایاندا.

## 1-3-4- چەمکی کات

هەمو ئەو مۆرفیمە بەندانە دەگرێتەوە، کە چەمکی کات نیشاندەدەن، واتە بەگشتی (ئەو کەتیگۆرییە ڕێزمانیانەی کە لە وەسفی کاردا ڕۆڵیان هەیە، وەک (ئەسپێکت و ڕوکار)ەکان، کە نیشاندەری کاتی ڕێزمانین،

وەک، ڕابردو، ڕانەبردو، داهاتو.) (Crystal: 2008: 479). بۆیە دەکرێت بڵێین، هەمو ئەو مۆرفیمانەی، کە هەڵگری سیمای واتایی [+کات]ن، دەچنە بازنەی ئەم پۆلەوە.

هەندێک لەو نمونانەی، کە هەڵگری ئەم چەمکەن لە زمانی کوردیدا، وەک: ئەسپێکتەکانی (دە، ب، نا، نە، وە، را، ڕێ، ب، بـ..ایە، با،...)[4].

سەرەڕای ئەوەش، هەریەکە لە مۆرفیمە بەندەکانی کۆتایی ڕەگی ڕابردوی کردار(و، ت، ا، د، ی) وەک نیشانەکانی کاتی ڕابردو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.) (پێشڕەو ساڵح عەلی: 2015: 121).

کەواتە هەریەکە لەوانە ڕۆڵی واتایی کاتی کردار دەنوێنن، لە بەکارهێناندا نیشاندەری سیمای واتایی کاتن.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەرنجی نمونەی (5) بدە:

5- دەچم

سیمای سەرەکی ئەسپێکتی /دە-/ بریتییە لە [+کات] چونکە کاتی ڕودانی کارەکە نیشاندەدات، کە ڕێژەکەی بریتییە لە کرداری ڕانەبردو، لەڕوی کاتی ڕێزمانییەوە، بۆیە ئەم سیمایە، وەک سیمای سەرەکی لە تەواوی مۆرفیمەکانی دیکەی ئەم بوارەدا ڕەنگیداوەتەوە.

## 1-3-5- چەمکی کەس و ژمارە

لە زمانی کوردیدا، ئەو مۆرفیمانەی ئەم چەمکەیان تێدایە، بەگشتی بریتین لە جێناوەکان، بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە، هەبونی ئەم چەمکەیە لە بەشێک لەو مۆرفیمە بەندانەی کە لەشێوەی بەند/ گیرەک دەردەکەون و هەڵگری ئەم چەمکەن، ئەوانیش بریتین لە جێناوە لکاوەکان، کە بەشێکی گرنگی زمان پێکدەهێنن، چونکە (هەرچی ئاخاوتن هەیە بەبێ ئەمانە نابێتە ڕستەی تەواو.) (مسعود محەمەد: 2011: 68) لەبەرئەوەی لەڕوی چەمکەوە هەڵگری کەس و ژمارەن.

سەبارەت بەم جێناوانە بێگومان لەزۆرێک لەسەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بەچەند کۆمەڵەیەکەوە، بەگوێرەی ڕێژەی ئەو کردارانەی کە لەگەڵیاندا دەردەکەون؛ بۆیە لێرەدا بەگشتی هەریەکە لەو دەستە جێناوانە نیشاندەدرێن، لەگەڵ دیاریکردنی چەمکی هەریەکەیان.

| کەس | ژ.تاک | ژ.کۆ | چەمک وسیما | ژ.تاک | ژ.کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | م | مان | {+کەس +ژمارە} | م | ین |
| دوەم | ت | تان | | یت، ە | ن، ن |
| سێیەم | ی | یان | | ێت،ات، Ø | ن |

(خشتەی ژمارە (1) نیشاندانی جێناوە لکاوەکان بەپێی چەمک)

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەیری نمونەکانی (6، 7) بکە:

6- دەخۆم سیما واتاییەکانی جێناوی لکاوی (م) لە نمونەکەدا، بریتین لە [+کەس +ژمارە] کە ئاماژەیە بۆ کەسی یەکەمی تاک.

7- دەخۆین سیما واتاییەکانی جێناوی لکاوی (ین) لە نمونەکەدا، بریتین لە [+کەس +ژمارە] کە ئاماژەیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ. بە تێڕامان و لێوردبونەوە لە نمونەکانی سەرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەریەکە لە جێناوەلکاوەکان هەڵگری چەمکی کەس و ژمارەن، ئەوەش لە بەکارهێناندا زیاتر ڕوندەبێتەوە.[5]

## 1-3-6- چەمکی فەرماندان

ئەوەی ئەم ڕۆڵە، لە زمانی کوردیدا، دەبینێت، هەردوک مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی /بـ-، مە-/ کە لەشێوەی پێشگردا، وەکو ئەسپێکتی فەرمانە ڕوکار، لە ڕێژەی (فەرمان و داواو تکا، بۆ جێبەجێکردنی کارێک، یان نەکردنی، لەلایەن کەسی یەکەمەوە داوا لە کەسی دوەم دەکرێت. کەرەستەی پێکهێنانیان بریتییە لە (ب+ ڕەگی کردار+ ج. لکاوی کەسی دوەم <ن، ە) یان (مە+ ڕەگی کردار+ ج. لکاوی کەسی دوەم <ن، ە) کە هەمیشە جێگای ئەسپێکتی /دە_/ دەگرنەوە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2000: 238-310) بۆ ڕونکردنەوە سەرنجی نمونەکانی (8، 9) بدە:

8- بنوسە مۆرفیمی /بـ-/ هەڵگری سیماکانی [+فەرماندان +ئەرێیە]

9- مەنوسە مۆرفیمی /مە-/ هەڵگری سیماکانی [+فەرماندان +نەرێیە]

بە سەرنجدان لە نمونەکان ئەوە دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە مۆرفیمەکانی /بـ -، مە -/ هەڵگری سیمای سەرەکی [+فەرماندان]ن، کاتێک دەچنەسەر ڕەگی ڕانەبردوی کردار، ئینجا لەشێوەی ئەرێ، یان نەرێدابێت، هەمان چەمکی تێدا بەدیدەکرێت.

## 1/3/7/ چەمکی ناساندن

چەمکی ناساندن، لە زمانی کوردیدا ((هەم لەڕێگەی مۆرفیمی بەندو هەم لەڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆشەوە دەگەیەنرێت.)) (شیروان حوسێن خۆشناو:2016: 249)، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتەسەر مۆرفیمە بەندەکان. دیارە فۆرمی هەرە سەرەکی لەم بوارەدا، کە ئەم چەمکەی هەڵگرتوە، بریتییە لە مۆرفیمی بەندی /-ەکە/ بەڵام لە بەکارهێناندا، بە هۆکاری فۆنۆلۆجی، یان مۆرفۆلۆجی، دیاردەیەک سازدەبێت، ئەویش هاتنەئارای ئەلۆمۆرفەکانی ئەم فۆرمە سەرەکییەیە، کە لەبەرانبەر یەکتردا ئەلۆمۆرفی یەکترن، واتە بەگشتی هەریەکە لە مۆرفەکانی /-ەکە، -کە،-یکە، -یەکە، -یەک،-ۆکە،-ک، -یک، ەک-، -ە/ دەکەونە سنوری چالاکی ئەم ئەرکە ڕێزمانییەوە؛ (ڕۆڵیان لە فرێزدا دێت و ئەرکیان ناسراوکردنی ناوە گشتییەکان دەبێت.) (ئەبوبەکر عومەر قادر: 2003: 29)، واتە لە هەر بارودۆخ و جێگەیەکدابێت، ڕۆڵی سەرەکیان ناساندن و دیاریکردنی ئەو ناوەیە، کە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا باسی لێوەدەکرێت. بە واتایەکی دیکە (بازنەی چالاکییەکانی مۆرفیمی ناسیاوی دەستەی ناو و هەمو ئەو بەشانەی، کە دەوری ناو دەگێڕن؛ دەگرێتەوە.) (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر: 2006: 55) سەیری نمونەکانی (10، 11) بکە:

10- ژنەکە

11- تەختەکە سیمای واتایی سەرەکی مۆرفیمەکانی /-ەکە، -کە/ لە هەردوک بنکەدا، بریتییە لە [+ناساندن].

## 1-3-8- چەمکی کۆکردنەوە

ئەو مۆرفیمانەی ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێنن، چەند مۆرفیمێکن، (لەشێوەی بەنددا دەردەکەون، بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، یان مۆرفیمەکانی شکاندنەوە (inflectional morphemes) ناسراون، لەبەرئەوەی تەنها ئەرکی ڕێزمانی ئەنجامدەدەن؛) (Yule: 2010 :69) بەڵام هەندێکجار ئەم مۆرفیمە (بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێت، یان دەخوێنرێتەوە، کە جگە لە شێوە سەرەکییەکەی، بە چەند شێوەیەکی دیکە دەردەکەوێت و دەخوێنرێتەوە، کە زمانەوانان ئەم جۆرە بارودۆخەیان ناو لێناوە، ئەلۆمۆرف.) (Hspelmath: 2002: 26)

لە زمانی کوردیدا ((مۆرفیمی سەرەکی کۆی ناو /-ان/ە.))، (نەرمین عومەر ئەحمەد:2010: 104) بەڵام ئەم ئەرکە بێجگە لەو مۆرفیمە بە هەندێک مۆرفیمی تری، وەک /-جات، -ەها، -هات، -گەل، -ات، -وات، -یان/ سپێردراوە، کە وەک ئەلۆمۆرفی ئەم مۆرفیمە لەسەر هەندێک بنکەو لە هەندێکباردا، دەردەکەون.[6]

سنوری کاردنیان لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدایە، لەشێوەی پاشگر دەدەکەون؛ بەڵام وەک پێشتر باسکرا، سەرەکیترینیان، کە ئەم ئەرکە سینتاکسییە ڕادەپەڕێنێت، /-ان/ە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەرنجی نمونەکانی (12، 13) بدە:

12- کوڕان

13- دێهات

سیمای سەرەکی هەریەکە لە مۆرفیمەکانی /-ان، -هات/ بریتییە لە [+کۆ].

شایانی باسە، ئەمە بۆ هەمو مۆرفیمەکانی تری ئەم بوارە دروستە، بەڵام بەگوێرەی چالاکی و بەبەرهەمییان دەگۆڕێت.

## 1-3-9- چەمکی نەرێی ڕێزمانی

مەبەست لە نەرێی ڕێزمانی ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە ڕۆڵیان لە پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا، ئەنجامدانی چالاکی نەرێکردنە؛ بۆیە دیاردەی ((ناکردن: کردەیەکی زمانەوانییە، ئەرکی سەرەکی جێبەجێکردن و بەرپەرچدانەوەی ڕستەیە و لە کوردیدا چەند نیشانەیەک هەیە بۆ گۆڕینی کارێکی ئەرێ بۆ نەرێ، وەک (نا، نە، نی، مە).) (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ: 2014: 161)، واتە سنوری ئەم مۆرفیمە بەندانە، دەچێتەچوارچێوەی سینتاکسەوە، ڕۆڵیان لە فرێزو ڕستەکانی زماندایە، ئەرکیان نیشاندانی ناکردن، یان جێبەێنەکردنی کارێکە لە کاتێکی دیاریکراودا؛ بەو پێیەی هەریەکەیان بەپێی (ڕێژە، کات، جۆر)ی ئەو کردارەی، کە داوایان دەکەن، دەگۆڕێت، چونکە هەریەکەیان سنوری بەکارهێنانی خۆی هەیە.

بۆ ڕونکردنەوە سەرنجی نمونەکانی خوارەوە، بدە:

14- ناڕۆم چەمک/سیمای واتایی [+نەرێ +ڕانەبردو +ڕاگەیاندن]

15- نەنوستم چەمک/سیمای واتایی [+نەرێ +ڕابردو +ڕاگەیاندن]

16- مەخۆ چەمک/سیمای واتایی [+نەرێ +ڕانەبردو +فەرماندان]

17- نییە چەمک/سیمای واتایی [+نەرێ +ئێستا +ڕاگەیاندن]

18- نەچوبام چەمک/سیمای واتایی [+نەرێ +ڕابردو +دانانی]

19- نەچم چەمک/سیمای واتایی [+نەرێ +ڕانەبردو +دانانی]

بە سەرنجدان لە نمونەکان دەدەکەوێت، ئەوەی نیشاندەری چەمکی (نەرێ)یە، هەریەکە لە مۆرفیمەکانی /نا، نە، مە، نی/یە، هەروەها سنوری نەرێکردنەکەشیان لە چوارچێوەی نەرێی ڕێزمانیدایە، نەوەک فەرهەنگی؛ واتە ڕۆڵیان نیشاندانی ئەرکە ڕێزمانییەکانە، لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا.

## 1-3-10- چەمکی نێگەتیڤی[7]

مەبەست لەو مۆرفیمە بەندانەیە، کە هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین، بەو واتایەی ئەو چەمکەی دەیگەیەنن جۆرێک لە خراپی و نامۆییە؛ واتە قسەکەر بە مەبەستی پێدانی سیفەتی نەشیاو ئەو وشانە بەکاردەهێنێت. ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمە بەندانەیە لەسەر هەندێک بنکە.

## بەشی دوەم: تیۆری بەکارهێنان و لێکدانەوەی واتا

## 2-1- تیۆری بەکارهێنان (The use theory)

یەکێکە لە تیۆرەکانی لێکدانەوەی واتا، کە ڕۆڵی واتایی یەکە زمانییەکان لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا دەردەخات. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، یان ((بیرۆکەی گرنگیدان بە دەوروبەر دەگەڕێتەوە بۆ (فتجنشتن) کە دەڵێت: بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ بەدوای بەکارهێنانیدا بگەڕێ.)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2004: 12)،

واتە بەگوێرەی ئەم تیۆرە ڕۆڵی دەوروبەر، گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی واتای یەکە زمانییەکان، چونکە دەگونجێت، یەکەیەک لە دەوروبەری جیاوازدا، کۆمەڵێک واتای جیاوازی هەبێت. ئەمەش خۆی لەو بەکارهێنانە جیاوازانەدا دەبینێتەوە، کە دەچنە چوارچێوەی دەوروبەر/ سیاقی هەمەچەشنەوە. هەربۆیە ((فێرس، بانگەوازی ئەوەی دەکرد، کە واتا ڕون نابێتەوە، تەنیا لە چوارچێوەی دەوروبەری یەکەکانی زماندا نەبێت، واتە دانانی یان بەکارهێنانی لە دەوروبەری جیاجیادا.)) (تاڵیب حوسێن عەلی: 2019: 55) لەبەرئەوە واتای وشە، یان یەکە زمانییەکان بەگشتی دیارناکرێت، تاوەکو دەچنە ئەو بارە جیاوازانەی لە سنوری بەکارهێناندا، لەگەڵ یەکەکانی دەوروبەریاندا، لە پەیوەندیدا دەبن. بۆیە ((زۆربەی ئەو تیۆرانەی لە واتایان کۆڵیوەتەوە، بیریان لەوە کردۆتەوە، کە سیاق/ دەوروبەر بەهایەکی تایبەتی هەیە، لە دەستنیشانکردنی جۆری واتای دانە زمانییەکان.)) (صباح رشید قادر: 2000: 45) چونکە دەوروبەر/ بەکارهێنان ڕۆڵی دیاری لە ڕەواندنەوەی لێڵی، یەکە زمانییەکاندا، هەیە. بۆ نمونە، وشەیەکی وەک، ((هۆرە) وشەیەکی هاوبێژە لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە بەکارهێناندا، لە چوارچێوەی دەوروبەری زمانیدا لێڵی ئەم وشەیە دەڕەوێتەوە، بۆ ڕونکرنەوە سەیری ئەم بەکارهێنانە جیاوازانە بکە:

20- لە کۆنسێرتەکەدا، هۆرەیەکی جافی گوت.

21- دارەکان، بە هۆرە بشکێنە.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەم وشەیە لە بەکارهێناندا واتا و چەمکی جیاواز نیشاندەدات.) (محمد قادر محمدامین: 2021: 101) دیارە ئەوەش بۆ یەکە فرەواتا و هاوبێژەکانی دیکەش هەر ڕاستە.

کەواتە، دەورووبەر لە یەکلاکردنەوەی واتای یەکەکاندا ڕۆڵی هەیە؛ بەگوێرەی بەکارهێنانی ئەو یەکانە لە دەورووبەرە جیاوازەکاندا.

## 2-2- لێکدانەوەی تیۆرەکە بۆ یەکە زمانییەکان

بەگوێرەی بنەماکانی ئەم تیۆرە، یان بەپێی ئەو دەورووبەرانەی[8]، کە تیۆرەکە پشتیان پێدەبەستێت، ڕوانگەیەکی دیاریکراو دەکاتە بنەما بۆ یەکلاکردنەوەی واتای یەکە زمانییەکان، ئەویش ئەوەیە، کە دەورووبەر/ سیاق ((ئەو چوارچێوە زمانییە، کە شوێنەواری فۆنیم، یان مۆرفیم، یان وشە، یان ڕستە پێکدێنێ.)) (صباح رشید قادر: 2000: 44)، واتە لە بچوکترین یەکەی زمانی بۆ گەورەترینیان، پێوەری بەکارهێنان دەکاتە بنەمای پێدانی ڕۆڵی واتایی، چونکە ((زۆربەی یەکە واتاییەکان لەگەڵ یەکەکانی تری زماندا دەردەکەون، هەروەها واتای ئەو یەکانەی دەکەونە پاڵ یەکەوە ناتوانین وەسفیان بکەین، یان واتاکانیان دەستنیشان بکەین، تەنیا بەهۆی سەرنجدانی ئەو یەکانەوە نەبێت، کە دەکەونەپاڵیانەوە.)) (تاڵیب حوسێن عەلی: 2019: 55)

بەو پێیە تەواوی یەکەکانی زمان، لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا هاوبەشن و هاوکارن، لە ڕونکردنەوەی ڕۆڵە واتاییەکان، ئەمەش لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی ئەو یەکانە لە سنوری یەکەی گەورەتردا.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەرنجی فۆڕمی وشەی (پاک) بدەین، وەکو هاوەڵناوێک لە زماندا واتایەکی تاریکی هەیە، بەڵام بەگوێرەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی، واتا جۆراوجۆرەکانی زیاتر دەردەکەون، بۆ نمونە:

22- ئۆتۆمبیلەکە پاکە.

23- دڵی پاکە.

24- قەرزەکەم پاککردەوە.

لە نمونەی (22)دا، (پاک) واتایەکی فەرهەنگی هەیە، بەو واتایە دێت، کە (ئۆتۆمبیلەکە) هیچ پیسی و شوختێکی پێوەنییە، بەڵام لە نمونەی (23)دا، (پاک) واتایەکی پراگماتیکی هەیە، چونکە وەکو خوازە(میتافۆڕ) بەکارهاتووە و دورە لە واتا سیمانتیکییەکەی، کە بە واتای کەسێکی سادەیە و ڕقوقینەی لە دڵدا نییە؛ هەروەها لە نمونەی (24)دا، واتای دانەوەی قەرز دەگەیەنێت.

کەواتە لێرەدا، هەرسێک بەکارهێنانەکە هەڵگری سیما و واتای تایبەتن، بەگوێرەی ئەو دەورووبەرەی، کە تێیدا بەکارهاتون، هەروەها ((ڕێساکانی لێکدانەوەی واتا بۆ تێگەیشتن لە واتای مۆرفیمەکانیش بەکاردێن و تەنها پەیوەست نین بە وشەکانی ناو ڕستە.)) (کورش سەفەوی: 2020: 64)، واتە تیۆرەکە بۆ سەروی وشە، کە فرێز، ڕستە، دەق دەگرێتەوە، خواروی وشەش، مۆرفیم، هەمان تێڕوانینی هەیە؛ بەکارهێنان دەکاتە پێوەر لە یەکلاکردنەوەی واتادا. بۆ نمونە مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژی وەک، /ەتی/ لە بەکارهێناندا واتای جیاواز دەبەخشێت، بۆ ڕونکردنەوە:

25- خۆشناوەتی

26- پیاوەتی

لە نمونەی (25)دا، مۆرفیمەکە سیمای [+ناوی شوێن +بەرجەستە]ی، بە بنکەکە بەخشیوە، واتای بنکەکەی لە ناوێکی ئەبستراکتەوە گۆڕیوە بۆ ناوی شوێن، بەڵام هەمان مۆرفیم لە نمونەی (26)دا، چووەتەسەر ناوێکی بەرجەستەو، سیمای واتایی [+ئەبستراکت +سیفەت]ی، بە بنکەکە بەخشیوە، ئەوەش لە ئەنجامی بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم مۆرفیمەیە لەسەر بنکە جیاوازەکان. بێگومان ئەم دۆخە/ دۆخی بەکارهێنان بۆ تەواوی یەکەکانی دیکەی زمانیش هەمان لێکدانەوەو ئەنجام دەخاتەڕو.

## 1-2-2- ڕوانگەی تیۆری بەکارهێنان بۆ مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکان

مۆرفیمە بەندەکان (Bound morphemes) بەگشتی، لە ناویشیاندا مۆرفیمە وشەداڕێژەکان (Derivational morphemes) کە لەشێوەی پێشگر (Prefixes) یان پاشگر (Suffixes) دەردەکەون؛ وا ناسراون، کە بە سەربەخۆیی واتا نابەخشن، بەڵام کاتێک دەچنەسەر بنکەو ڕەگ، ئەوا واتای نوێ بەو بنکەو ڕەگانە دەبەخشن، هەندێکجار پۆلی وشەش دەگۆڕن.( Fromkin & Rodman& Hyams: 2003: 83).

کەواتە مەرجی سەرەکی لە بەخشینی واتا، بۆ ئەم پۆلەی مۆرفیم بەکارهێنانە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، هەتا ئەو ڕۆڵە واتاییە بگێڕن، کە پێیان دەسپێردرێت؛ بۆیە لەو ڕووەوە تیۆری بەکارهێنان دەبێتە دەروازەو پردی پەیوەندیی یەکلاکردنەوەی واتا جیاوازەکانی ئەم پۆلە مۆرفیمە. وەک لەم نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

27- /بە/ + جەرگ= بەجەرگ

م. وشەداڕێژ ناو هاوەڵناو

28- جوان + ی = جوانی

هاوەڵناو/ م.وشەداڕێژ ناو

ئەگەر سەرنج لە نمونەی (27) بدەین، دەبینین کاتێک مۆرفیمی وشەداڕێژی /بە/ چووەتەسەر ناوی (جەرگ) ناوەکەی لە دو ڕووەوە گۆڕیوە، لەلایەک لە سادەوە کردویەتی بە داڕێژراو، سەرەڕای ئەوەش پۆلی وشەکەی لە ناوەوە کردۆتە، هاوەڵناو. ئەوەش لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە واتاییەی، کە مۆرفیمە بەندەکە لە ناوەڕۆکیدا هەڵگری ئەو هێزەیە، کە بە وشەکەی بەخشیوە. لەلایەکی ترەوە لە نمونەی (28)دا، مۆرفیمی بەندی /ی/ لەشێوەی پاشگردا، لەسەر بنکەکە دەردەکەوێت، بە پێچەوانەی نمونەی (27) لە بەکارهێناندا ئەو هێزەی هەیە، کە توانیویەتی هاوەڵناوی (جوان) لە دو ڕووەوە بگۆڕێت، ئەویش لە سادەوە بۆ داڕێژراو، هەروەها پۆلی وشەکەی لە هاوەڵناوەوە کردوە بە ناو؛ ئەمەش لە ئەنجامی ئەو دەوروبەرانەی کە مۆرفیمەکان هەیانە دەتوانن ئەو ڕۆڵانە بگێڕن.

## 2/2/2/ ڕوانگەی تیۆرمکە بۆ مۆرفیمە چەمک نێگەتیڤەکان

لەم تەوەرەیەدا ئەوەی نیشاندەدرێت، ڕادەو ڕێژەی بەبەرهەمیی ئەو مۆرفیمانەیە، کە چەمکی نێگەتیڤیان هەڵگرتوە، ئەوەش بەپێی بەکارهێنانە جیاوازەکانیان لەسەر بنکە جیاوازەکان، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە زۆرینەی بەکارهێنان، ئەو چەمک وسیمایەی پێبەخشیون. مەبەست لەم چەمکەش ئەوەیە، کە ئەم مۆرفیمانە لە

بەكارهێناندا، لەسەر هەندێک بنکە واتایەکی نێگەتیڤی نیشاندەدەن؛ بەو واتایەی کاتێک گوێمان لێیان دەبێت، یان دەمانەوێت بەکاریان بهێنین، جۆرێک لە سڵەمینەوە لە بەرانبەریان هەیە، چونکە ئەو واتایەی هەڵیانگرتوە شێوەیەک لە چەمکی (تابۆیی) لە ناوەڕۆکیاندا بەدیدەکرێت، بۆیە قسەکەر زیاتر بۆ نیشاندانی لایەنی خراپیی سیفەتەکانی مرۆڤ بەکاریاندەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لە هەمو بەکارهێنانەکاندا ئەو واتا/ چەمکە نێگەتیڤییەیان هەڵگرتبێت، بەڵکو دەکرێت لە هەندێک دەوروبەردا چەمکی ئاساییان هەڵگرتبێت.

ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئایا ئەو مۆرفیمانە کامانەن، کە چەمکی نێگەتیڤییان هەڵگرتوە؟ ئایا لە تەواوی بنکەکاندا هەمان چەمکیان هەڵگرتوە؟ بۆ ئەمەش لەسەر بنەمای دەرکەوتن و بەکارهێنان، بەگوێرەی ئەو ئامارەی لەبەردەستدایە، هەمو ئەو مۆرفیمانەی ئەو چەمکەیان هەڵگرتوە دەناسێنین، لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت بزانێت کامیان بەبەرهەمترە، یان لە هەمویان زیاتر ئەو چەمکەی تێدابەدیدەکرێت، بە بەراورد بەوانی دیکە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ڕێژەی بەکارهێنانە نێگەتیڤییەکەیان، لەبەرانبەر بەکارهێنانە ئاساییەکەیان نیشانبدات.

## 2-2-2-1- پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندە چەمک نێگەتیڤەکان لەسەر بنەمای دەرکەوتن

دیارە، کە مۆرفیمە بەندەکان لەسەر چەند بنەمایەک پۆلێنکراون، بەڵام ئەوەی لێرەدا پشتیپێدەبەسترێت پۆلێنکردنی ئەو مۆرفیمانەیە لەسەر بنەمای دەرکەوتن، چونکە بنەمای دەرکەوتنە، کە ئەم چەمکەی پێبەخشیون؛ بەگوێرەی ئەو بەکارهێنانەیان لەسەر بنکە جۆراوجۆرەکان. بەشێوەیەکی گشتی ئەم مۆرفیمانە بە دو جۆر دەردەکەون، ئەوانیش شێوەی (پێشگر، پاشگر)ە.

### 2-2-2-1-1- پێشگر (Prefix)

مەبەست لەو مۆرفیمە بەندانەیە، کە لەسەر بنکە جیاوازەکان لەشێوەی پێشگر دەردەکەون، بەگوێرەی ڕێژەی بەکارهێنانیان چەمکی نێگەتیڤی تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا هەردوک بەکارهێنانیان هەیە؛ واتە (نێگەتیڤی و ئاسایی).

بۆیە لێرە بەدواوە هەردوک بەکارهێنان دەخرێنەڕو. لەپاشاندا بەپێی ئەو نمونانەی لەبەردەستدان ڕێژەو ڕادەی بەبەرهەمی هەریەکەیان دەخرێنەڕو؛ ئەوانیش بریتین لە مۆرفیمەکانی /بێ، نا، لا/[9]

#### 2-2-2-1-1-1- بەکارهێنانی نێگەتیڤی

هەریەکە لە مۆرفیمەکانی /بێ، نا، لا/ لە ڕۆنانی هەندێک وشەی زمانی کوردیدا، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرن، لە نیشاندانی چەمکی نێگەتیڤی. ئەو وشانەش واتا و مەبەستی وا دەگەیەنن، کە مرۆڤ بۆ هەندێک مەبەستی تایبەتی، کە زۆر نزیکدەبنەوە لە واتا و چەمکی وشەی تابۆیی بەکاریان دەهێنێت. واتە هەریەکە لەو وشانە یەکێک لە سیفەتە خراپ و ناشیرنەکانی مرۆڤ دەگەیەنن.

لە خوارەوە ئەو بەکارهێنانە نێگەتیڤییانە، بەپێی هەندێک لە یاساکانی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا، نیشاندەدرێن.

## یەکەم: چەمکی نێگەتیڤیی پێشگری /بێ-/

وەکو مۆرفیمێکی بەند لەسەر چەند بنکەیەک دەردەکەوێت، بەگوێرەی یاسایەکی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی، وەک:

(یاسای= پێشگر+ ناو) نموونە: (بێشەرم، بێئابڕو، بێنمەک، بێوەفا، بێبەزەیی، بێڕێز، بێڕو، بێئاگا، بێدەسەلات، بێسفەت، بێشعور، بێئەدەب، بێمستەوا، بێحورمەت، بێکەرامەت، بێتەربیەت، بێڕوحم، بێلەزەت، بێغیرەت، بێحەیا، بێئەقڵ، بێویژدان، بێئینساف...)

بە سەرنجدان لە نموونەکانی سەرەوە، دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە وشانەی کە ئەم مۆرفیمە /بێ-/ یان، چۆتەسەر جۆرێک لە واتای نێگەتیڤی/ خراپ، تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئاماژەن بۆ وشەی نامۆو نەشیاو؛ قسەکەر وەکو ئاماژەکردن بۆ نیشاندانی سیفەتە ناشیرن و خراپەکانی مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت. بۆ نموونە، وشەیەکی وەکو (بێڕێز) هەڵگری سیما واتاییەکانی [+نێگەتیڤی +خراپی +سیفەت +هاوەڵناو –ڕیز – کەسایەتی...] هەبونی ئەم سیمایانە لە ناوەڕۆکی وشەکەدا، پێدانی واتایەکی خراپە، لەناو خەڵکیدا وەکو وشەیەکی نەشیاو بەرانبەر هەندێک مرۆڤی ڕەفتار ناشیرن بەکاردەهێنرێت.

دیارە ئەوەش بۆ تەواوی وشەکانی دیکە ڕاستە، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە. ئەوەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمەیە لەسەر ئەو بنکانە، کە ئەو واتایەی پێبەخشیون؛ بۆیە دەگونجێت سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] بە هەریەکەیان بدرێت.

## دووەم: چەمکی نێگەتیڤیی پێشگری /نا-/

یەکێکە لە مۆرفیمە بەندەکانی زمانی کوردی، لەشێوەی پێشگر دەردەکەوێت، چەمکی نێگەتیڤی هەڵگرتوە؛ لەگەڵ چەند بنکەیەک دەردەکەوێت و هاوەڵناو بەرهەمدەهێنێت. وەک:

(یاسای ژمارە/1 = پێشگر+ ناو) نموونە: (ناپیاو، نادیدە، ناحەز، ناجۆر، ناجسن، ناماقوڵ...)

(یاسای ژمارە/2 = پێشگر+ جێناو + ناو) نموونە: (ناکەس بەچە)[10]

(یاسای ژمارە/ 3 = پێشگر+ هاوەڵناو) نموونە: (ناپەسند، ناشیرن، ناشیاو، ناپاک، ناحاڵی، نابەجێ، نارەسەن، نامەرد، ناڕاست، نارێک...)

بە دیقەتدان لە نموونەکانی سەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان بەجۆرێک دەردەکەون، کە ناوەڕۆکێکی نێگەتیڤی تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە. واتە قسەکەر لەو کاتانەدا بۆ ئەو جۆرە یەکانە پەنادەبات، کە مەبەستی داشۆرین، یان کەمکردنەوەی نرخی بەرانبەرەکەی بێت؛ ئەوەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمە /نا-/ لەسەر بنکە جیاوەزەکان. واتە ئەوەی ئەم چەمکەی بە بنکەکان بەخشیوە مۆرفیمە بەندەکەیە. بۆ ڕونکردنەوە ئەگەر سەیری وشەیەکی وەک (ناپیاو) بکەین، هەڵگری سیما واتاییەکانی وەک: [+نێگەتیڤی +خراپی +داشۆرین +هاوەڵناو –ڕێز –کەسایەتی...]یە.

ئەوەش بۆ سەرجەم وشەکانی دیکەی ئەم بوارە دروستە، دەگونجێت سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] بە هەریەکەیان بدرێت.

### سێیەم: چەمکی نێگەتیڤیی پێشگری /لا-/

لە هەندێکباردا، وەکو مۆرفیمی بەند، دەچێتەسەر چەند بنکەیەک و چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنێت؛ بەپێی ئەم یاسایانەی خوارەوە:

(یاسای ژمارە/1 = پێشگر+ ناو) نموونە: (لادین، لامل، لاڕێ، لاسار)[11]

(یاسای ژمارە/2 = پێشگر+ ڕەگ+ پاشگر) نموونە: (لادەر)

بە سەرنجدان لە نموونەکان، دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە نموونەکان، هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین، واتە بەکارهێنانێکی نێگەتیڤییان هەیە، چونکە قسەکەران بە مەبەستی نیشاندانی بارودۆخی تایبەت بۆ دەرخستنی سیفات و سیمای نەشیاو بەرانبەر یەکتر بەکاریان دەهێنن؛ ئەوەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمە /لا-/ لەسەر ئەو بنکانەی نیشاندراون. بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (لادین) بکەین، هەڵگری سیما واتاییەکانی [+نێگەتیڤی +بێدین +دژەدین –موسوڵمان +هاوەڵناو...].

ئەوەی ئەم واتایەی بەرهەمهێناوە، مۆرفیمە بەندەکەیە، بۆیە دەگونجێت سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] بە هەریەکە لە نموونەکانی سەرەوە بدرێت.

### 2-2-2-1-1-2- بەکارهێنانی ئاسایی

لە تەوەری پێشتردا، چەمکی نێگەتیڤی مۆرفیمە بەندەکانی /بێ، نا، لا/ لەسەر چەند بنکەیەک نیشاندراوە؛ دیارە هەریەکە لەو مۆرفیمانە، کە پێشتر ئاماژەیان پێدرابو، سەرەڕای بەکارهێنانی نێگەتیڤییان، لە هەندێکباردا بەکارهێنانی ئاساییان، هەیە. واتە سەرەڕای چەمکە نێگەتیڤییەکە، چەمکی ئاسایی_ش، نیشاندەدەن.

بۆیە لەم تەوەرەیەدا، بەگوێرەی چالاکی و بەبەرهەمیی ئەم مۆرفیمانە، بەکارهێنانی ئاساییان دەخرێتەڕو، لەپاشاندا بەگوێرەی ئامارو نموونەکانی بەردەست، ڕێژەو ڕادەی چالاکی و بەبەرهەمییان، بەبەراورد بە چەمکی نێگەتیڤی لە خشتەیەکدا دەخرێتەڕو.

### یەکەم: چەمکی ئاسایی پێشگری /بێ-/

ئەم مۆرفیمە بەندە، لە بەکارهێنانی ئاساییدا، لەگەڵ چەند بنکەیەک دەردەکەوێت، بەپێی چەند یاسایەک.

(یاسای ژمارە/1 = پێشگر+ ناو) نموونە: (بێلایەن، بێکار، بێچارە، بێبەش، بێهۆش، بێتام، بێڕەنگ، بێبۆن، بێناز، بێخاڵ، بێهێز، بێگیان، بێسنور، بێفیز، بێخەم، بێدەنگ، بێنەوا، بێمنەت، بێتەماح، بێدەعیە، بێعەیب...)

(یاسای ژمارە /2 = پێشگر+ جێناو) نموونە: (بێکەس)

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی سەرەوە بدەین، دەبینین لە تەواوی نموونەکاندا، ئەوەی هەستی پێدەکرێت وشەکان هەریەکەیان لەگەڵ ئەوەی نەرێی فەرهەنگین، بەڵام بە بەراورد بە چەمکی نێگەتیڤی، چەمکی ئاسایی، یان واتای ئاسایی نیشاندەدەن. مرۆڤ لەکاتی بەکارهێنانیاندا سڵ لە گوتنیان ناکاتەوە، چونکە هەڵگری سیمای واتایی [+ئاسایی –نێگەتیڤین]ن، بە بەراورد بە بەکارهێنانە نێگەتیڤییەکەیان. هەر ئەوەشە ئەو جیاوازییە لەنێوان هەردوک بەکارهێناندا، کە مۆرفیمەکە بە بنکەکانی بەخشیوە.

## دووەم: چەمکی ئاسایی پێشگری /نا-/

وەکو پێشگر لەسەر چەند بنکەیەک دەردەکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەی بەکارهێنانی نێگەتیڤی لەسەر هەندێک بنکە بەشێوەیەکی ئاسایی وشەکان ڕۆدەنێت؛ واتە لەم بەکارهێنانەدا ناوەڕۆکێکی ئاسایی بە وشەکان دەبەخشێت، لە دەربڕیندا وەکو یەکەی ئاسایی زمان گۆدەکرێن، بە بەراورد بە بەکارهێنانە نێگەتیڤییەکەیان. ئەمەش بەگوێرەی هەندێک یاسای مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی؛ وەک:

(یاسای ژمارە/ 1 = پێشگر+ ناو) نمونە: (نائاگا...)

(یاسای ژمارە/ 2 = پێشگر+ هاوەڵناو) نمونە: (ناخۆش، نابەدڵ، نادروست، ناساغ...)

(یاسای ژمارە/ 3 = پێشگر+ ڕەگ+ پاشگر) نمونە: (نابینا...)

بە تێڕامان لە نمونەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە وشەکان، وەک وشە و یەکەی ئاسایی زمان سەیر دەکرێن؛ بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەکارهێنانی مۆرفیمە بەندەکە لەسەر ئەو بنکانە چەمکی ئاسایی و جیاوازی بەرهەمهێناوە، بە بەراورد بە بەکارهێنانە نێگەتیڤییەکەیان. واتە سیمای واتایی [+ئاسایی –نێگەتیڤی] دەگەیەنن. کەواتە دەکرێت بگوترێت مۆرفیمی /نا-/ دو بەکارهێنانی جیاوازی هەیە و وەکو مۆرفیمێکی فرەچەمکی زمان سەیردەکرێت.

## سێیەم: چەمکی ئاسایی پێشگری /لا-/

ئەم مۆرفیمە، وەکو مۆرفیمێکی بەند، لە بەکارهێنانی ئاساییدا، بەگوێرەی یاسایەکی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی لە سنورێکی دیاریکراودا چەند وشەیەک بەرهەمدەهێنێت؛ وەک:

(یاسای= پێشگر+ ناو) نمونە: (لاشەڕ، لابا)

بە سەرنجدان لەو دو نمونەیە، ڕۆڵ و چالاکی ئەم مۆرفیمە لە سنورێکی زۆر تەسکدا لەسەر دو وشەی زمانی کوردی، بەشێوەیەکی ئاسایی دەردەکەوێت و سیمای واتایی [+ئاسایی –نێگەتیڤی] لە وشەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، کە جیای دەکاتەوە لە بەکارهێنانە نێگەتیڤییەکەی. واتە ئەم مۆرفیمە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێکباردا هەڵگری چەمکی نێگەتیڤییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک دەوروبەردا، ئەم سیمایە لە دەستدەدات و پێچەوانە دەبێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئاسایی.

لە خشتەی ژمارە (1)دا، ئاماری ڕێژەی چالاکی و بەبەرهەمیی چەمکی نێگەتیڤی و ئاسایی هەریەکە لە پێشگرەکان دەخرێنەڕو:

| پێشگر | ژمارەی وشە | ژمارەی وشە چەمک نێگەتیڤییەکان | ڕێژەی سەدی چەمکی نێگەتیڤی | ژمارەی وشە چەمک ئاساییەکان | ڕێژەی سەدی چەمکی ئاسایی |
|---|---|---|---|---|---|
| /بێ-/ | 45 | 23 | 30،66% | 22 | 29،33% |
| /نا-/ | 23 | 17 | 22،66% | 6 | 8% |
| /لا-/ | 7 | 5 | 6،66% | 2 | 2،66% |
| کۆی گشتی | 75 | 45 | 60% | 30 | 40% |

(خشتەی ژمارە (1) ژمارە و ڕێژەی بەبەرهەمیی پێشگرەکان لە گەیاندنی چەمکی (نێگەتیڤی، ئاسایی)دا)

بەپێی خشتەی ژمارە (1) دەردەکەوێت، لەکۆی (75) نمونەی وەرگیراو، لە پێشگرەکاندا ڕێژەی بەکارهێنانی نێگەتیڤی (60%) بە بەراورد بە بەکارهێنانی ئاسایی، کە ڕێژەکەی (40%)ە، بۆیە پێشگرەکان لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤی چالاکترو بەبەرهەمترن، بە بەراورد بە بەکارهێنانی ئاسایی. لەنێویشیاندا پێشگری /بێ-/ پڕبەرهەمترین و چالاکترینیانە لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤی بە ڕێژەی (30،66%) و پێشگری /لا-/ سسترین مۆرفیمە لە گەیاندنی ئەم چەمکەدا، بە ڕێژەی (6،66%).

## 2-2-2-1-2- پاشگر (suffix)

مەبەست لەو مۆرفیمە بەندانەیە ((کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەنوسێن و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێ و دەوری ڕۆنانی وشە دەبینێ.)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 53)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جەختی لێدەکرێت، مۆرفیمەکانی /باز، چی، ن، انی، ۆک-نۆک، کە، وەر/ن/، ئەو پاشگرانەن، کە لە بەکارهێناندا هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین؛ کاتێک دەچنەسەر هەندێک بنکە، دۆخی نێگەتیڤی و واتای وا بەرهەمدەهێنن، کە تاڕادەیەک نزیکدەبنەوە لە تابۆ و وشەی نامۆ بۆ گوێگر، هەروەها قسەکەر لە هەندێکباردا بەکاریاندەهێنێت بە مەبەستی پێدانی سیفاتی خراپ بە مرۆڤ، بۆیە سڵ لە بەکارهێنانی دەکاتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە لە هەمو بەکارهێنانەکاندا هەمان چەمکیان هەڵگرتبێت، بەڵکو دەگونجێت هەڵگری چەمکی ئاساییبن.

بۆیە لێرەوە هەردوک بەکارهێنانەکانیان نیشاندەدرێن، لە پاشاندا ڕادە و ڕێژەی چالاکی هەردوک بەکارهێنان دەخرێنەڕو.

### 2-2-2-1-2-1- بەکارهێنانی نێگەتیڤی

هەریەکە لە مۆرفیمەکانی /باز، چی، ن، انی، ۆک-نۆک، کە، وەر/ بەشدارن لە ڕۆنانی وشەی فەرهەنگیی زمانی کوردی، دۆخی نێگەتیڤی بە وشەکان دەبەخشن. واتایەکی نێگەتیڤی دەهێننە ئاراوە، کە ئاماژەن بۆ سیفەت و ڕەفتاری نەشیاوی مرۆڤ.

### یەکەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-باز/

ئەم فۆرمە سەرەڕای ئەوەی وەک وشە و ڕەگ، بەکارهێنانی هەیە، بەڵام لێرەدا وەک پاشگر بەگوێرەی چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی لەسەر چەند بنکەیەک دەردەکەوێت. لە هەندێکباردا وشەی وا بەرهەمدەهێنێت، کە هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین. وەک:

(یاسای ژمارە/1 = ناو+ پاشگر) نمونە: (منداڵباز، فێڵباز، تەڵەکەباز، مەکرباز، چەنەباز، چاوباز، دەستباز، کەوباز، کۆترباز[12]، هاوڕەگەزباز، سیحرباز، هەتیوباز، حیلەباز، ڕیاباز، ئارەزووباز...)

(یاسای ژمارە/2 = هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (نێرباز، مێباز...)

بە تێڕامان لە نمونەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، سەرجەم وشەکان لەناو کۆمەڵگا و فەرهەنگی کوردیدا، واتایەکی خراپیان وەرگرتوە، چونکە قسەپێکەران بە مەبەستی تانە و تەشەر، یان پێدانی سیفەتی خراپ بەرانبەر یەکتر بەکاریان دەهێنن. بۆ نمونە ئەگەر سەرنجی وشەی (نێرباز) بدەین، هەڵگری سیما واتاییەکانی [+نێگەتیڤی +نەشیاو +لادان +تابۆ –دین –ڕەوشت +هاوەڵناو...]ە، دیارە هەریەکە لەو سیمایانەش لەگەڵ دابونەریت و ڕەوشتی کۆمەڵگای کوردی نایەنەوە، وشەکە واتا/ چەمکێکی قێزەونی هەڵگرتوە، چونکە بەو کەسانە دەگوترێت، کە لایانداوە لە ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤایەتی؛ ئەوەی ئەم چەمکەشی بەو وشەیە بەخشیوە مۆرفیمی بەندی /–باز/ە.

ئەوەش بۆ سەرجەم وشەکانی دیکە دروستە، کە ئەم مۆرفیمەیان وەرگرتوە. بۆیە دەکرێت سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] بە سەرجەمیان بدرێت.

## دووەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-چی/

لە بەکارهێنانی نێگەتیڤیدا، هەندێک وشە بەرهەمدەهێنێت، کە هۆکارن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەوەش بەپێی چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی، وەک:

(یاسای ژمارە/1 = ناو+ پاشگر) نمونە: (ئاژاوەچی، فاڵچی، ماستاوچی، دەربچی، قومارچی، فیتنەچی کلاوچی...[13])

(یاسای ژمارە/ 2 = هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (ساختەچی، قاچاخچی...)

بە سەرنجدان لە نمونەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، ئەوەی ئەم مۆرفیمە بەرهەمیهێناوە، ئەو وشانەن، کە لە کۆمەڵگادا سیمایەکی خراپیان وەرگرتوە، بۆ ئەو کەسانە بەکاردێن، کە بێزراوی ناو کۆمەڵگەن. ئەوەی ئەو بارە نێگەتیڤییەی بەو وشانە بەخشیوە، مۆرفیمی بەندی /–چی/یە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری وشەی (قومارچی) بکەین، هەڵگری سیما واتاییەکانی [+نێگەتیڤی +خراپ +سوک +نامۆ +هاوەڵناو...]ە، هەریەکە لەو سیمایانە و ناوەڕۆکی وشەکە لەلای کۆمەڵگە واتایەکی دژەباوی تێیدایە.

لەبەرئەوە دەکرێت، بەگشتی سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] بە هەریەکەیان بدرێت، چونکە سەرجەمیان لەناو خەڵکیدا نامۆ و نەشیاون.

## سێیەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-ن/

وەکو پاشگرێکی وشەدارێژ لەسەر چەند بنکەیەکی دیاریکراو دەردەکەوێت، وشەی تازەی خاوەن چەمکی نێگەتیڤی بەرهەمدەهێنێت؛ واتە بەپێی ئەو بەکارهێنانەی هەیەتی لە بەکارهێناندا ئەو وشانەی ئەم مۆرفیمە وەردەگرن، هەڵگری سیما و سیفەتی نێگەتیڤین. وەک:

(یاسای= ناو+ پاشگر) نموونە: (ورگن، چڵکن، گرگن، ترن، ڕشکن، شەرمن، قژن، نەوسن، جرپن...[14])

دیارە، هەریەکە لە نموونەکان واتای نامۆیی و خراپی دەگەیەنن، وەکو توانج بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (گرگن) بکەین، هەڵگری سیما واتاییەکانی [+نێگەتیڤی +قەزەم +ورگن +ناشیرن +هاوەڵناو...]ە. واتە لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانێکی خراپی هەیە.

لەبەرئەوە هەمو ئەوانەی لەسەرەوە نیشاندراون، وەکو وشەی چەمک نێگەتیڤ لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، قسەپێکەرانیش لە دەوروبەری جیاوازدا وەکو سیفەتی خراپ لە بەرانبەر یەکتر بەکاریاندەهێنن.

## چوارەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-انی/

پاشگرێکی وشەدارێژە لەسەر چەند بنکەیەک دەردەکەوێت و چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنێت. بەپێی چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی.

(یاسای ژمارە/1 = ناو+ پاشگر) نموونە: (شەڕانی، ژنانی، کوڕانی، کچانی...)

(یاسای ژمارە/ 2 = هاوەڵناو+ پاشگر) نموونە: (ڕەقانی...)

دیارە، هەریەکە لە وشەکان، هەڵگری نیشانەی واتایی نەشیاون، وەکو ناو و ناتۆرەو سیفەتی خراپ، کورد بەرانبەر یەکتر بەکاریاندەهێنێت؛ بۆیە هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین. بۆ نموونە لە ڕستەی:

29- فلان کەس ژنانییە.

ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی وشەی (ژنانی) بکەین، بریتین لە [+نێگەتیڤی +عەیبە +توانج +خراپ +هاوەڵناو...] کە هەریەکەیان بۆ وشەکە بون بە سیمای خراپی، چونکە ئەم سیفەتە لەگەڵ سیما واتاییەکانی (پیاو)دا، نایەنەوە، هەروەها وشەی (ڕەقانی) وەکو سیفەتێکی خراپ، بۆ ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە بەکاردێت، کە خراپ و کەمبەرهەمن، لای جوتیاران سیمایەکی نێگەتیڤی وەرگرتوە. بۆیە دەکرێت هەمان سیما بە هەریەکەیان بدرێت، بەتایبەتی سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] کە لە هەریەکەیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

## پێنجەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-ۆک/[15]

لە هەندێک دەوروبەردا بەکارەو واتایەکی نێگەتیڤی بە وشەکە بەخشیوە؛ وەک لە خوارەوە نیشاندراوە:

(یاسای ژمارە/ 1 = ناو+ پاشگر) نموونە: (قرچۆک)[16]

(یاسای ژمارە/ 2 = ڕەگی کردار+ پاشگر) نموونە: (گرینۆک، ترسنۆک، لەرزۆک)

بەسەرنجدان لە نمونەکان دەردەکەوێت، هەریەکەیان واتایەکی نێگەتیڤ و خراپیان لە کۆمەڵگە وەرگرتوە، چونکە سیفەتن بۆ ڕەفتاری نەشیاوی مرۆڤ. بۆ نمونە ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی وشەی (قرچۆک) بکەین، بریتین لە [+نێگەتیڤی +ڕەزیل +پیسکە +پارەپەرست +هاوەڵناو...] ئەمانەش هەموویان سیفەتی خراپ و نامۆی مرۆڤن.

لەبەرئەوە دەگونجێت، سیمای واتایی [+نێگەتیڤی] بە هەریەکەیان بدرێت، چونکە لە ناوەڕۆکیاندا هێما و نیشانە خراپەکانی مرۆڤیان وەرگرتوە.

## شەشەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-کە/

ئەم پاشگرە لەگەڵ چەند بنکەیەک دەردەکەوێت و چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنێت؛ بەپێی یاسای مۆرفۆلۆجی: (یاسای= هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (لوسکە، پیسکە)

هەردوک وشە واتای نێگەتیڤی تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەش بەهۆی پاشگری وشەداڕێژی /–کە/یە؛ هەرچەندە وشەی (پیس) بۆخۆی ئەو واتایەی تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بۆ شتی ماددی بەکاردێت، هەرچەندە بەهۆی خواستنەوە بە واتای ئەبستراکتیش بەکاردێت، بۆ نمونە:

30– ئەودڵی پیسە.

بەڵام بەهۆی مۆرفیمی /–کە/وە، وەک وشەیەکی نیشانەکراو (Marked) لە واتا گشتییەکەیەوە، واتاکەی بۆ یەکێک لە سیفەتە خراپەکانی مرۆڤ بوەتە نیشانە، کە سیما واتاییەکانی بریتین لە [+نێگەتیڤی +ڕەزیل +پارەپەرست +خراپ +هاوەڵناو...] کە چەمکە سەرەکییەکەی (پیسکەیی)یە، ئەوەش تایبەتە بە مرۆڤ.

## حەوتەم: چەمکی نێگەتیڤیی پاشگری /-موەر/

ئەم مۆرفیمە لە بەرهەمهێنانی چەمکی نێگەتیڤی زۆر سستە، ئەوەی بەدیدەکرێت، تەنها لە یەک نمونەدا وەکو چەمکی نێگەتیڤی هەستپێدەکرێت و ئەو واتایە دەگەیەنێت؛ وەک:

(یاسای= ناو+ پاشگر) نمونە: (دەمەوەر...)

لەم نمونەیەدا وشەکە وەکو یەکەیەکی چەمک نێگەتیڤ سەیردەکرێت، چونکە هەڵگری سیما واتاییەکانی [+نێگەتیڤی +زۆربڵێ +زماندرێژ +بۆژنان +خراپ +هاوەڵناو...]، واتە بەوکەسانە دەگوترێت، کە دەمدرێژ و قسەڕەقن، لەگەڵ ئەوەشدا سیفەتەکە بۆ ژنان بەکاردێت، بۆیە سیمایەکی ژنانەی وەرگرتوە.

## 2-2-2-1-2-2- بەکارهێنانی ئاسایی

هەروەک لە تەوەری (2–2–2–1–2–1)دا، بەکارهینانی نێگەتیڤی هەریەکە لە مۆرفیمە بەندەکانی /باز، چی، ن، انی، ۆک–نۆک، کە، موەر/ وەک پاشگر، لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا نیشاندران. لەم تەوەرەیەشدا هەریەکە لەو مۆرفیمانەو بەکارهێنانە ئاساییەکەیان نیشاندەدرێت؛ چونکە وەک چۆن بەکارهێنانی نێگەتیڤییان هەیە، بەکارهێنانی ئاسایی–شیان، هەیە، بەڵام بەرێژەی جیاواز، بۆیە لەم تەوەرەیەدا بەکارهێنانە ئاساییەکەیان بە نمونەو داتای جیاواز دەخریتەڕو؛ لەپاشاندا بە پشتبەستن بە داتاو نمونە بەکارهاتوەکان، ڕێژەی هەردوک بەکارهێنان دەخرێنەڕو.

## یەکەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-باز/

ئەم مۆرفیمە لە هەندێک دەوروبەردا، لەسەر چەند بنکەیەک دەردەکەوێت و واتایەکی ئاسایی، یان پۆزەتیڤی بە وشەکان دەبەخشێت؛ وەک:

(یاسای= ناو+ پاشگر) نمونە: (سەرباز، گیانباز، زۆرانباز، تەقڵەباز...)

ئەگەر سەیری نمونەکانی سەرەوە بکەین، دەبینین سەرجەمیان وشەی ئاسایی و پۆزەتیڤن، بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤیان، چونکە پاشگرەکە واتایەکی ئاسایی/ پۆزەتیڤی بە بنکەکان بەخشیوە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی وشەی (گیانباز) بکەین، بریتین لە [+پۆزەتیڤی +ئاسایی +ئازایەتی +نیشتمانپەروەر +هاوەڵناو...] ئەمەش پێچەوانەی چەمکی نێگەتیڤی ئەو مۆڕفیمەیە، کە لە هەندێک باردا بە هەندێک بنکەی بەخشیوە.

بۆیە دەکرێت، سیمای واتایی [+ئاسایی] بە هەریەکە لە وشەکانی سەرەوە بدرێت.

## دوەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-چی/

وەک مۆڕفیمێکی بەند، سەرەڕای بەکارهێنانی نێگەتیڤی، بەکارهێنانی ئاسایی_شی، هەیە، واتە لە بەکارهێناندا واتایەکی ئاسایی، یان [-نێگەتیڤی] بە بنکەکان دەبەخشێت، کە لەم بەکارهێنانەیدا مۆڕفیمێکی چالاکە لە دروستکردنی ناوی پیشە، یان هاوەڵناو، کە وەک سیفەتێکی پۆزەتیڤی دەدرێت بە مرۆڤ؛ بۆیە ئەم بەکارهێنانەی وەک بەکارهێنانی ئاسایی سەیردەکرێت؛ بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤی. وەک:

(یاسای= ناو+ پاشگر) نمونە: (تەنەکەچی، چایچی، پینەچی، پەنچەرچی، جامچی، کوشنچی، دەرابەچی، بۆیاغچی، سکرابچی، مەعرەزچی، کارەباچی، نوکتەچی، سوعبەتچی...)

ئەگەر سەیری وشەکانی سەرەوە بکەین، دەبینین زۆربەیان ناوی پیشەن، ئەوەی ئەم واتایەشی بەرهەمهێناوە مۆڕفیمی بەندی /-چی/یە، بۆیە وەک واتای ئاسایی سەیردەکرێن و سیمای واتایی [+ئاسایی -نێگەتیڤی] وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەی لە وشەکانی (نوکتەچی، سوعبەتچی)دا، دو هاوەڵناوی بەرهەمهێناون، بەڵام ئەوانیش بە هەمان شێوە سیمای واتایی [+ئاسایی -نێگەتیڤی]یان، هەیە.

## سێیەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-ن/

مۆڕفیمی بەندی /-ن/ دەچێتەسەر چەند بنکەیەکی جیاواز و هاوەڵناو بەرهەمدەهێنێت، کە هەڵگری چەمکی ئاسایی، یان پۆزەتیڤن، پێچەوانەی بەکارهێنانی نێگەتیڤیان؛ وەک:

(یاسای ژمارە/ 1 = ناو+پاشگر) نمونە: (گۆشتن، پرچن، توکن...)

(یاسای ژمارە/2 = هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (خرپن...)[17]

بە تێڕوانین لە وشەکان دەبینرێت، کە سەرجەمیان چەمکێکی ئاساییان هەیە، بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤیان؛ ئەوەی ئەم واتایەشی بەرهەمهێناوە مۆڕفیمە بەندەکەیە، کە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ، دەبن بە سیفەت. بۆ نمونە ئەگەر سەیری سیما واتاییەکانی وشەی (گۆشتن) بکەین، بریتین لە [+ئاسایی +قەڵەو +باش ±مرۆڤ -نێگەتیڤی +هاوەڵناو...] ئەوەش ئاماژەیە بۆ واتای ئاسایی ئەو وشەیە.

## چوارەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-انی/

ئەم مۆرفیمە بەشدارە لە بەرهەمهێنانی چەند هاوەڵناوێک، بە واتا و چەمکی ئاسایی، ئەوەش پێچەوانەی بەکارهێنانی نێگەتیڤیی ئەم مۆرفیمەیە، لە هەندێک دەوروبەردا.

(یاسای= هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (تەختانی، نەرمانی...)

هەریەکە لە نمونەکانی سەرەوە، واتا و چەمکی ئاسایی نیشاندەدەن، بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤی؛ بۆ نمونە وشەی (تەختانی) هەڵگری سیما واتاییەکانی، وەک [+ئاسایی +باش +زەوی –نێگەتیڤی +هاوەڵناو...]ە.

## پێنجەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-ۆک/

ئەم مۆرفیمە سەرەرای چەمکی بچوککردنەوەی ناو، مۆرفیمێکی چالاکە لە بەرهەمهێنانی چەمکی نێگەتیڤی و ئاسایی لەسەر بنکە جیاوازەکان. لە بەکارهێنانی ئاساییدا بەپێی چەند یاسایەک وشەی خاوەن واتای ئاسایی ڕۆدەنێت.

(یاسای ژمارە/ 1 = ناو+ پاشگر) نمونە: (تیرۆک، بیژۆک، سەرۆک، بەرۆک)

(یاسای ژمارە/ 2= ڕەگی کردار+ پاشگر) نمونە: (گەڕۆک، خشۆک)

ئەگەر سەرنج لە وشەکانی سەرەوە بدەین، دەبینین هەریەکەیان واتای ئاسایی دەگەیەنن، بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤی؛ بۆ نمونە ئەگەر سەیری وشەی (خشۆک) بکەین، دەبینین هەڵگری سیماکانی [+ئاسایی +گیاندار +سیفەت +شێوازی ڕۆیشتن –نێگەتیڤی...]، لەبەرئەوە ئەم مۆرفیمە ئەوەی بەرهەمیدەهێنێت، چ ناوبێت، یان هاوەڵناو لەم بەکارهێنانەیدا چەمکی ئاسایی تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە؛ بۆیە بەگشتی هەڵگری سیمای واتایی [+ئاسایی –نێگەتیڤی]ن.

## شەشەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-کە/

وەک بەکارهێنانی ئاسایی لە پێدانی ئەم چەمکەدا، دەچێتەسەر چەند بنکەیەک و واتا و چەمکی ئاسایی و بچوککردنەوە دەگەیەنێت، کە ئەوەش پێچەوانەی بەکارهێنانی نێگەتیڤییە. بۆ نمونە:

(یاسای ژمارە/ 1 = ناو+ پاشگر) نمونە: (لوتکە، لەتکە، پوشکە...)

(یاسای ژمارە/ 2 = هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (وردکە، ڕەشکە، خڕکە...)

ئەگەر سەرنج لە وشەکانی سەرەوە بدەین، بەگوێرەی چەند یاسایەک هەندێک وشەی تازەی چەمک ئاسایی بەرهەمهاتون، لە ناوەڕۆکیاندا پێچەوانەی چەمکی نێگەتیڤین. بۆ نمونە ئەگەر سەرنج لە سیما واتاییەکانی وشەی (ڕەشکە) بدەین، بریتین لە [+ئاسایی +خواردن +بەسود +ناو –نێگەتیڤی...] لەگەڵ ئەوەی لە وشەی (خڕکە)دا، سیمای واتایی [+بچوککردنەوە]ی، هەڵگرتوە، بەڵام ئەوەی گرنگە سیما سەرەکییەکەی [+ئاسایی – نێگەتیڤی]یە.

## حەوتەم: چەمکی ئاسایی پاشگری /-وەر/

ئەم مۆرفیمە وەکو چەمکی ئاسایی لەگەڵ چەند بنکەیەکی زیاتر بەکاردێت، واتایەکی ئاسایی بە بنکەکان دەبەخشێت، بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤی، وەک لە خوارەوە دەردەکەوێت.

(یاسای ژمارە/ 1 = ناو+ پاشگر) نمونە: (گیانەوەر، بەختەوەر...)

(یاسای ژمارە/ 2 = هاوەڵناو+ پاشگر) نمونە: (زیندەوەر...)

ئەگەر سەیری نمونەکانی سەرەوە بکەین، هەریەکەیان هەڵگری چەمکی ئاساییین. بۆ نمونە وشەیەکی وەک، (بەختەوەر) سیما واتییەکانی وەک، [+ئاسایی +خۆشبەخت +باش +مرۆڤ +هاوەڵناو –نێگەتیڤی...] هەڵگرتوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئەم مۆرفیمە /–وەر/ بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان دو جۆر بەکارهێنانی هەیە.

لە خشتەی ژمارە (2)دا، ئاماری ڕێژەی چالاکی و بەبەرهەمیی چەمکی نێگەتیڤی و ئاسایی هەریەکە لە پاشگرەکان دەخرینەڕو:

| پاشگر | ژمارەی وشە | ژمارەی وشە چەمک نێگەتیڤەکان | ڕێژەی سەدی وشە چەمک نێگەتیڤییەکان | ژمارەی وشە چەمک ئاساییەکان | ڕێژەی سەدی وشە چەمک ئاساییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| /–باز/ | 21 | 17 | 20% | 4 | 4،70% |
| /–چی/ | 22 | 9 | 10،58% | 13 | 15،29% |
| /–ن/ | 13 | 9 | 10،58% | 4 | 4،70% |
| /–انی/ | 7 | 5 | 5،88% | 2 | 2،35% |
| /–ۆک/ | 10 | 4 | 4،70% | 6 | 7،5% |
| /–کە/ | 8 | 2 | 2،35% | 6 | 7،5% |
| /–وەر/ | 4 | 1 | 1،17% | 3 | 3،52% |
| کۆی گشتی | 85 | 47 | 55،29% | 38 | 44،70% |

(خشتەی ژمارە (2) ژمارە و ڕێژەی بەبەرهەمیی پاشگرەکان لە گەیاندنی چەمکی (نێگەتیڤی، ئاسایی)دا)

بەپێی خشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێت، کە لە کۆی (85) وشەی وەرگیراو، ڕێژەی بەکارهێنانی نێگەتیڤی (55،29%) بە بەراورد بە بەکارهێنانی ئاسایی، کە ڕێژەکەی (44،70%) لەبەرئەوە پاشگرەکان بەگشتی لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا بەبەرهەمترن؛ هەروەها پاشگری /–باز/ چالاکترین و بەبەرهەمترینیانە، لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤی، کە ڕێژەکەی (20%)، لە بەرانبەردا پاشگری /–وەر/ بە ڕێژەی (1،17%)سسترین مۆرفیمە لە گەیاندنی ئەم چەمکەدا.

## 2-3- ئامار و ڕێژەی گشتیی مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژە چەمک نێگەتیڤییەکان

خشتەی ژمارە (3)، ڕێژەی گشتیی چالاکی و بەبەرهەمی ئەو مۆرفیمانە پیشاندەدات، کە بەکارهاتون لەسەر نمونەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە ژمارەیان (10) مۆرفیمە، بەشدارن لە بەرهەمهێنانی (160) وشەی بەکارهاتو؛

هەر مۆرفیمێک لەسەر بنەمای بەشداریکردن و بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی چەمکی نێگەتیڤی و ئاسایی ژمارە و ڕێژەکەی خراوەتەڕو:

| پێشگر، پاشگر | ژمارەی وشە | ژمارەی وشە چەمک نێگەتیڤییەکان | ڕێژەی سەدی وشە چەمک نێگەتیڤییەکان | ژمارەی وشە چەمک ئاساییەکان | ڕێژەی سەدی وشە چەمک ئاساییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| /بێ-/ | 45 | 23 | 14،375% | 22 | 13،75% |
| /نا-/ | 23 | 17 | 10،625% | 6 | 3،75% |
| /لا-/ | 7 | 5 | 3،125% | 2 | 1،125% |
| /-باز/ | 21 | 17 | 10،625% | 4 | 2،5% |
| /-چی/ | 22 | 9 | 5،625% | 13 | 8،125% |
| /-ن/ | 13 | 9 | 5،625% | 4 | 2،5% |
| /-انی/ | 7 | 5 | 3،125% | 2 | 1،125% |
| /-ۆک/ | 10 | 4 | 2،5% | 6 | 3،75% |
| /-کە/ | 8 | 2 | 1،25% | 6 | 3،75% |
| /-ەوەر/ | 4 | 1 | 0،625% | 3 | 1،875% |
| کۆی گشتی | 160 | 92 | 57،5% | 68 | 42،5% |

(خشتەی ژمارە (3) ئامار و ڕێژەی گشتیی مۆرفیمە چەمک نێگەتیڤییەکان)

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (3)، دەردەکەوێت، کە کۆی گشتیی ئەو مۆرفیمانەی چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنن لە زمانی کوردیدا، ژمارەیان (10) مۆرفیمە؛ لە کۆی گشتیی وشەکان، کە ژمارەیان (160) وشەی بەکارهاتوە. دەردەکەوێت، کە ئەم مۆرفیمانە لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا بەبەرهەمتر و چالاکترن، بە ڕێژەی (57،5%) بە بەراورد بە چەمکی ئاسایی، بە ڕێژەی (42،5%)، هەروەها چالاکترین مۆرفیم لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا، پێشگری /بێ-/یە، بە ڕێژەی سەدی (14،375%) بەرزترین ڕێژەی وەرگرتوە؛ بەلاّم بە پێچەوانەوە سسترین مۆرفیم، پاشگری /-ەوەر/ بە ڕێژەی (0،625%) لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا.

## ئەنجام

1- بەشێک لە مۆرفیمە بەندەکانی زمانی کوردی هەڵگری چەمکی نێگەتیڤین، سەرەڕای ئەوەش چالاک و بەبەرهەمن لەڕۆنانی هەندێک وشەی زمانی کوردی، کە هەڵگری ئەم چەمکەن.

2- کۆی گشتی ئەو مۆرفیمە بەندە وشەدارێژانەی چەمکی نێگەتیڤی دەگەیەنن، ژمارەیان (10) مۆرفیمە، کە بریتین لە (3) پێشگر و (7) پاشگر؛ هەروەها پاشگرەکان چالاکتر و پربەرهەمترن، لە بەکارهێنانی نێگەتیڤیدا.

3- لە پێشگرەکاندا ڕێژەی بەکارهێنانی نێگەتیڤی بەرزترە، بە ڕێژەی (60%)، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئاسایی ئەم پێشگرانە ڕێژەکەی (40%)ە. لەنێویشیاندا پێشگری /بێ-/ چالاکترینیانە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (30،66%)، سسترینیشیان پێشگری /لا-/یە، بە ڕێژەی (6،66%).

4- پاشگرەکان لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا، بەبەرهەمتر و چالاکترن، بە بەراورد بە چەمکی ئاساییان، بە ڕێژەی (55،29%) لەکاتێکدا ڕێژەی چەمکی ئاساییان بریتییە لە (44،70%).

5- لەنێو پاشگرەکاندا، مۆرفیمی بەندی /-باز/ چالاکترین و بەبەرهەمترین مۆرفیمە لە بەکارهێنانی نێگەتیڤیدا، کە ڕێژەکەی دەگاتە (20%) لەگەڵ ئەوەشدا پاشگری /-چی/ بەکارهێنانی ئاسایی زیاترە بە بەراورد بە بەکارهێنانی نێگەتیڤی، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (15،29%).

6- بەگشتی مۆرفیمە بەندە بەکارهاتووەکان لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا، چالاکتر و بەبەرهەمترن، بە ڕێژەی (57،5%)، بە بەراورد بە بەکارهێنانی ئاسایی بە ڕیژەی (42،5%).

7- لەنێو سەرجەم مۆرفیمەکاندا، چالاکترین مۆرفیم پێشگری /بێ-/یە، لە گەیاندنی چەمکی نێگەتیڤیدا، بە ڕێژەی (14،375%)، سسترین مۆرفیمیش، پاشگری /-ەوەر/ە، بە ڕێژەی (0،625%).

8- کۆی گشتی وشە بەرهەمهاتوە چەمک نێگەتیڤەکان هاوەڵناون، دەبن بە سیفەتی خراپ و نەشیاو بۆ مرۆڤ، بێجگە لە وشەی (ڕەقانی)، کە سیفەتە بۆ زەوییەکی خراپ.

# Negative concept of bound morphemes according to use theory

**Muhamad Qadr Muhamad Amin**

Computer Institute of Ranya, General Directorate of Institutes and Training, Ministry of Education, Rania, Kurdistan region, Iraq.

## Abstract

This research is about (Negative concept of bound morphemes according to use theory). It is an atttempt to determine those morphemes which carry the negative concepts. It means they convey a weird and awkward meanings, that a speaker use them purposely to show the negative aspects of human nature. In spite of their negative meanings, in some circumstances they carry normal concepts. In this study, based on the available examples, depending on the data and figures, the precentage of both of them will be showed. This research will answer the following questions:

What are those morpheme concepts which expresse the negative meanings? Which one of these concepts is more powerful and productive, and which one is the weakest? Are prefixes more productive, or suffixes? The purpose behind choosing this subject is to show the importantce of those morphemes and their negative meanings, compared to their normal use, which has an important scientific results.

**Keywords:** Bound Morphem, Negative Concept, Normal Concept, Use Theory, Activity, Rate.

## سەرچاوەکان

ئەورەحمانی حاجی مارف، (1979)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم وشەسازی، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

ئەورەحمانی حاجی مارف، (1987)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی دوەم، جێناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا .

ئەورەحمانی حاجی مارف، (2000)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی پێنجەم، کردار،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئەورەحمانی حاجی مارف، (2014)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئەبوبەکر عومەر قادر، (بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

بازیان یونس محێدین، (2013)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

بابارەسوڵ نوری ڕەسوڵ، مۆرفیمی (لا) لە ئاستی ڕێزمان و واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (2016، No 7 vol 3)

پێشرەو ساڵح عەلی، (2015)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە دارِشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

تاڵیب حوسێن عەلی، (2019)، واتاسازی، چاپی دوەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

حەیدەر حاجی خدر، (2010)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

دلێر سادق کانەبی، فاروق عزیز خالد، پێکهاتە یەکهەنگاوییە ژمارەدارەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 4، ژمارە 2، پاییزی 2021.

ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (2013)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ڕەفیق شوانی، (2014)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی داودی، کەرکوک.

شێرکۆ حەمەئەمین قادر، (2001)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

شیروان حوسێن خۆشناو، (2016)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

شەهاب شێخ تەیب، (2021)، وشەسازی کارەکی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

صباح رشید قادر، (2000)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2004)، واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، (2014)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

فاروق عومەر سدیق، (2011)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

کەوسەر عزیز ئەحمەد، (1990)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .
کورش سەفەوی، (2020)، ناسینی واتاسازی، وەرگێڕانی، شێروان حوسێن خۆشناو، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.
محمد معروف فتاح، (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر، (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
محەمەدی مەحوی، (2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
مەسعود محەمەد، (2011)، هەندێک بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
مەسعود محەمەد، (2016)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
مستەفا ڕەزا مستەفا، (2019)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
مستەفا ڕەزا مستەفا، (2021)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
محمد قادر محمدامین، (2021)، لێکدانەوەی پەیوەندییە واتاییەکان بەپێی تیۆری سیما واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.
نوری عەلی ئەمین، (1986)، ئەرک و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوە کوردی، بەغداد.
نەرمین عومەر ئەحمەد، (2010)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
هێرش کەریم حەمید، (2021)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردیی و فارسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
Aronoff. Mark & Eudeman. Kristen, (2011), What is Morphology, Edition history, blackwell publishing Ltd.
Booij. Geert, (2005), The Grammar of word, printed in Great Britain by Ashford colour press Limited, Gosport Hamphire.
Crystal. David, (2008) Dictionary of linguistics and Phonetics, Sixth edition, Black Wall Publishing Ltd.
Fromkin. Victoria & Rodman. Robert & Hyams. Nina, (2003), An Introduction to Language, seventh Edition, printed in the united states.
Haspelmath. Marttin, (2002), Understanding Morphology, first published in great Britain.
Katamba. Francis, (1993), Morphology, first published in the united states of America.

## پەراوێزەکان

1: بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پۆلێنەکانی مۆرفیم بڕوانە:
(Katamba: 1993: 41)، (شیروان حوسێن خۆشناو: 2016: 25)، (شێرکۆ حمەئەمین قادر:2001: 18)، (حەیدەر حاجی خدر:2010: 21)، (مستەفا ڕەزا مستەفا: 2021 15)

2: لەبەر سنورداریتی توێژینەوەکە، ناتوانرێت تەواوی ئەو مۆرفیمانە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت و نمونە بۆ هەریەکەیان بهێنرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەورحمانی حاجی مارف: 2014: 71-72)، (مەسعود محەمەد: 2016: 132-148)، (رفیق شوانی: 2014: 134)، (شیروان حوسێن خۆشناو: 2016: 148)

3 : بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەبەرهەمی هەندێک لەوگیرەکانە، بڕوانە: (نەرمین عومەر ئەحمەد: 2010: 71)

4 : بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەبوبەکر عومەر قادر: 2003: 60-81)

5 : بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جێناوە لکاوەکان، بڕوانە: (نوری علی ئەمین: 1986)، (عبدالرحمن حاجی مارف: 1987)

6 : بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (پێشرەو سالح عەلی: 2015)، (هێرش کەریم حەمید: 2021)

7 :بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم چەمکە تەرخانکراوە.

8 : مەبەست لە دەوروبەر و جۆرەکانی، هەریەکە لە دەوروبەری زمانی (context) دەروبەری نازمانی ( context of situation) دەگرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کورش سەفەوی: 2020، 67-68)، (عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2004: 12-13)

9 : سەبارەت بە مۆرفیمی /لا/ لە سەرچاوەکاندا، هەم وەکو مۆرفیمی بەند هەم وەکو مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی نیشاندراوە، دیارە ئەوەش بەهۆی بواری چالاکی ئەو مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا، وەکو مۆرفیمی فرەئەرک، هەردوک بەکارهێنانی هەیە؛ بەڵام لەم توێژینەوەیەدا وەکو مۆرفیمی بەند مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دەخرێتەڕو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بابا ڕەسوڵ نوری رەسوڵ: مۆرفیمی (لا) لە ئاستی ڕێزمان و واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، 2016، Vol.3 No.7 )

10 : ناکەس بەچە/ پێکهاتەیەکی یەکهەنگاوییە، واتە دو کەرەستە، یان زیاتر لەگەڵ یەکتر پێکاتەیەکیان بەرهەمهێناوە، چونکە گشت کەرەستەکان بەیەکەوە لەیەک کاتدا، ئەو پەیوەندییەیان دروستکردوە. واتە لە پێکهاتە یەکهەنگاوییەکاندا پەیوەندییەکی یەکسان لەنێوان کەرەستەکاندا لە پێکهاتەیەکدا هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (دلێرسادق کانەبی، فاروق عزیز خالد، گۆڤاری توێژەر، بەرگی 4/ ژمارە 2/ پایزی 2021، لا 90)

11 : بە بڕوای ئێمە وشەی (لاسار) بەشێوەیەکی ئەنالۆجی لەسەر بنەمای وشەی (لامل) بەرهەمهێنراوە، لە وشەی (سەر)، بەڵام گۆرانی فۆنۆلۆجی بەسەر وشەکەدا هاتوەو فۆرمی (لاسار)ی، وەرگرتوە، واتە فۆنیمی (ە) گۆڕاوە بۆ (ا) ئەو دیاردەیەش لە چەند نمونەیەکی دیکەی زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، وەک: (نوێ ماڵ> نوماڵ)، (سارد= سەرد> سەرم> سەرما) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گۆڕان فۆنۆلۆجی وشەی (سارد) بڕوانە: (شیروان حوسێن خۆشناو: 2016: 176)

12 : وشەکانی (کۆترباز، کەوباز)هەرچەندە واتای سیمانتیکییان، واتای ئاسایی و فەرهەنگین، بەڵام بەهۆکاری گواستنەوەی واتاوە، واتای خوازەییان لەناو کۆمەڵدا وەرگرتوە، واتایان نزمبۆتەوە، چونکە وەکو توانج و پلار بەرانبەر هەندێک کەس بەکاردەهێنرێن.

13 : بێجگە لە (کلاواتچی) وشەی (کلاوچی)یش، بەکاردێت بە هەمان واتا، تەنها نیشانەی ڕێزمانی (ات)ی، کۆکردنەوە دەکرتێنرێت.

14 : وشەی (جرین) لە فەرهەنگەکانی (خاڵ، هەنبانەبۆرینە، ڕێژگە) بە واتای مرۆڤی (دانەسەکناو، ئۆقرەنەگرتو، بێسەبر) هاتوە.

15 : لەم توێژینەوەیەدا پاشگری /-ۆک، ۆک/ وەکو یەک پاشگر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، چونکە لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا /-ۆک/ وەکو ئەلۆمۆرفی /-ۆک/ دەردەکەوێت، کە بە هۆکاری فۆنۆلۆجی هاتنەناوەوەی فۆنێم ئەم پرۆسەیە ڕویداوە.

16 : وشەی (قرچۆک) لە فەرهەنگەکانی (خاڵ، هەنبانەبۆرینە، ڕێژگە)دا، بەشێوەی (قرچەک، قراچ) هاتوە، بە واتای (ئەو خاکەی ڕوەکی لێ شیننابێت) بۆیە دەگونجێت هەمان وشە بەهۆی خواستنەوە بۆ سیفەتی مرۆڤ گواسترابێتەوە.

17 : (خرپن) لە هاوەڵناوی (خەپە+ پاشگر) دروستبوە، بەڵام هەندێک گۆرانی فۆنۆلۆجی بەسەر وشەکەدا هاتوەو بوە بە (خرپن).

Lobner. Sebastian, (2002), understanding semantics, Distributed in the united states Of America by oxford university press in New York.
Yule. George,(2010), The Study of Language, Fourth edition, printed in the United Kingdom at the university press Cambridge.